# تێکۆشان



**لە وتە بەنرخەکانی :مامۆستا سید جلالالدینی حسێنی.**

یەککەوتنی کورد و هێزە سیاسیەکانی کوردستان و ئامادەییان بۆ بەربەرەکانی هێزی سەرکوتگەری ڕژێمی دیکتاتۆر و فاشیتی ئاخوندی، زەورەتێکی مێژووییە. کورد بۆخۆی نەبێ کەسی بۆ نابێ، کورد بەیەکیەتی لە ڕێی موبارەزە دا بوونی هەیە، بۆ دووبەرەکی بۆ کوردستان و کورد کارناکا بەڵکو بۆ بەرنگار بوونەوەی دژمنانی کورد، لە مەیدان دایە.


ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران

بۆ گەیشتنی گەلی کورد بە مافە رەواکانی و رووخانی رژیمی ئاخوندی و دامەزراندنی حکومەتێکی دیموکراتی و پارلمانی، تێدەکۆشین.

ژمارە:٣١٢ سی و پێنچەمین ساڵ ، ٣٠ی خەرمانانی هەزار و سێسەد و نەوەد و هەشت ی کۆچی خۆری بەرانبەر بە ٢٠ی سپتامبری دوو هەزار و نۆزدە ی زایینی.


## چل ساڵ خەبات و تێکۆشان، چل ساڵ یەک بڕواو کۆڵنەدان!.

سازمانی خەبات وەک هێزێکی خاوەن پێگەی دیارو ڕەسەنی کوردستانی ئێران، ماوەی نزیک لە ٤٠ ساڵە خەبات و تێکۆشانی ئاشکرای دژی نیزامی ویلایەتی فەقیەو ڕێژیمی ئاخوندی ئێران درێژە پێداوە، ئەمە وێڕای ئەوەی بەشێوەی ئاشکراو نهێنی دژی هەر دوژمن و داگیرکەرێک وێستاوەتەوە کە دژی کورد و مافەکانی لە باقی بەشەکانی تری کوردستان ڕاوەستابێ و کوردی چەوساندبێتەوە. لەم پێناوەش دا خاوەنی سەدان شەهید و داستانی قارەمانی پێشمەرگەیە. سازمانی خەبات هێزێکی خاوەن بڕیار و چاونەترس بوە و بە ئاشکرا هەڵوێست و بەرنامەکانی خۆی بڵاوکردۆتەوە و پێداگری لە سیاسەت و بۆچونەکانی کردوە. ستراتیژ و پێناسەی سازمانی خەبات وەک هێزێکی نەتەوەیی و نیشتمانی لەسەر چوارچێوەی مافی چارەی خۆنووسین دارێژراوە و ئەو مافە بە حەقی ڕەوای کورد دەزانێ و خەباتی بۆ دەکا. سازمانی خەبات لەپاڵ مافی چارەی خۆنووسین دا، لە هەل و مەرجی ئێستای کورد و بزاڤە ڕەواکەیدا ؛خودموختاری وەک هەنگاوێکی گرنگ چاو لێ دەکا و پێی وایە کە گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دا لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی دیموکرات و سیکولار لە دا دەتوانێ بەسەرجەم مافەکانی خۆی بگا، هەر بۆیە بۆ دامەزراندنی ئەو سیستمە دیموکرات و سیکولار و پارلمانیەلە ئێراندا بەمافی خۆی دەزانێ، لە پێناوی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و مافی یەکسان لە ئێران دا،، بەچەشنێ کە تاک و نەتەوەکان خاوەن ماف و بڕیار بن لە بەڕێوەبردنی وڵات و هەڵبژاردنی شێوازی ژیان و شانبەشانی باقی هێزو لایەنەکانی تری ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و کوردستانی خەباتی هاوبەشیان هەبێ لەبەرەی دیموکراسی و ئازادی دا و ئەوەش وەک بنەمایەکی گرنگ چاو لێ دەکا و پێی وایە تاکە ڕێگاش بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە؛ رووخان و لەناوچوونی ئەم نیزامە نەگریس و دیکتاتۆرەیە کە ئێستا لە ئێران حوکمی نارەوا دەکا. یەکێکی تر لە خاسیەتە باشەکانی سازمانی خەبات ئەوەیە کە وەدوای دروشمی بریقەدار و ناواقعیدا ناگەرێ و پێی وایە کە دەبێ هێزەکانی هەڵگری ئاڵای بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە کوردستانی ئێران هەم هاوکار و جێی ممانەی یەک بن وهەمیش هاوسەنگەر و دڵسۆز و لەو پێناوەش دا تێکۆشان و خەباتی هاوبەشیان هەبێ. سازمانی خەبات سەرەڕای ئەوەی کە هیچ هێزو لایەنێک بە براگەورە نازانێ و پێی وایە کە کوردستان جێگەی هەموو ئازادیخواز و لایەنێکی باوەڕ پێکراو و خاوەن فیداکاری و خوێندانە لە پێناو نەتەوە و نیشتماندا ۰ مێژووی خەباتی ڕەوای نەتەوایەتیشمان ئەو ڕاستیەمان بۆ دەسەلمێنێ کە کوردستان هەمیشە بە فرە ڕەنگی و فرە دەنگی و هاوکاری و پشتیوانی لە یەکتری لە بەرابەر پیلانی دژمنانی نەتەوە و نیشتمانمان، جوانە و جێی پەسەند و دڵگەرمی گەلەکەمانە بە هەموو بیرو باوەرە جیاوازەکانەوە ۰

کەوایە هیچ هێزو لایەنێک بۆی نیە کە هەوڵ بۆ سەرکوتکردن و بێدەنگی و کاڵکردنەوەی ئەو رەنگ و دەنگە جیاوازانەی کە لەناو کۆمەڵگاکەمان دا هەن بدات. بێگومان کورد لەو جۆرە فکرو بۆچونە کلاسیک و شکست خواردوەی کە لە ناو هەندێک لە حیزبەکان دا هەیە، زەرەدی زۆری کردوە.

هەتا برایەتی و تەبایی نێوانمان بپارێزین و دۆست و هاوخەبات بین زیاتر دەتوانین دۆزی ڕەوای گەلەکەمان وەک پێویست بەرینە پێشێ و هەنگاوەکانی بەرەو رزگاریمان خێراتر دەکەین. بە پێچەوانەشەوە هەر نا تەبایی و گرفتێک دەبێتە هۆی پەرتەوازەیی زیاتر و دورکەوتنەوەمان لەو ئامانجە سەرەکیانەی کە هەمووشمان خەباتی بۆ دەکەین.

سازمانی خەبات هێزی دامەزرێنەری بەرەو خەباتی هاوبەشە و مێژووش ئەو ڕاستیەیی سەلماندوە کە هیچ هەوڵ و خەباتێکی هاوبەش لە کوردستانی ئێراندا بێ بەشداری سازمانی خەبات سەر ناگرێ. چونکە سازمانی خەبات هێزێکی ڕەسەنی مەیدانی کوردایەتیە و خاوەن ئیرادە و نفوزی خۆیەتی لەناو کۆمەڵانی خەڵکدا. هۆکارێکی تر ئەوەیە کە سازمانی خەبات لەسەر بەرنامەیەکی واقعی کوردانە دەڕوا و خۆ لەو بەرنامە و مێتۆدانە دوور دەگرێ کە لەسەر بنەمای واقعی ئەمڕۆ پێک نایەن و دەبێتە کۆسپی بەردەم کار و خەباتی هاوبەش. هەر بۆیەش هەر جارێک هەر هەوڵێک درابێ بێ سازمانی خەبات سەری نەگرتوە، و هەر هەولێکیش کە سازمانی خەبات نەزەری لەسەر دابێ لە ڕاستی و پێداویستی بۆ بەرەو پێش بردن و سەرکەوتووتر بوونی پڕۆسە گشتی و تایبەتیەکان ئاکامی باشتری هەبوە۰ سازمانی خەبات لە سیاسەت و کاری هاوبەش دا سیاسەتی بانێکەو دوو هەوای نەبوە و ناشی بێت.

هەرگیز نەبوتە هاوپەیمان و دۆستی لایەنێک دژی لایەنێکی دیکە. زۆر جار لە ڕەوتی چاو پێکەوت و سەردانی لایەنەکانی تر دا ؛ لە لایەن ئەو لایەنانەوە ، بۆ کاری لە شێوەی هەریەک لەبەرێک، یان دوو دوو و سێ سێ؛ بەڵام بۆ جارێکیش سازمانی خەبات پێملی ئەو جۆرە پڕۆژە و بەرنامانە نەبوە و هیچ کاتیش هەوڵی نەداوە بۆ ئەوەی دەنگ و ڕەنگی ئەو لایەنانە نەبیستری، یاخود لەسەر حیسابی کپکردنی دەنگی ئەوان، سازمانی خەبات لەگەڵ هێز و لایەنی دیکە هاوکاری بکا.ئەم خسڵەت و ئەخلاقە شورشگێریانەن کە بوونە مایەی بەردەوامی سازمانی خەبات و بوتە هەڵگری چل ساڵ خەبات و تێکۆشان، چل ساڵ یەک بڕوا و کۆڵنەدان لە پێناو گەیشتن بە ئازادی و رزگاری نەتەوە و نیشتمان. بێگومان ئەگەر سەبر هەبێ لە داهاتوو دا ئەو ڕاستیانە بۆ هەموو لایەک دەردەکەون.



نووسینی: جەلال خوشکەلام

## سازمانی خەبات، داهاتوو و ئەرکەکانمان

لە 5ی خەرمانان یادی 39 هەمین ساڵرۆژی دامەزرانی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران بەرز ڕاگیرا. ئەگەر بەراوردێکی سەرەتایی بۆ ڕووداوە سیاسیەکانی چل ساڵ لەوەپێشی کوردستان بکەین و بە وردی لە فەلسەفەی دامەزرانی سازمانی خەبات بکۆڵینەوە، بە باشی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە دامەزراندنی سازمانی خەبات زەرورەتێکی حاشاهەڵنەگرو گەلێک پێویست بوو، لەو سەردەمەد. زەرورەتێکی ئەوتۆ کە بە دوای تێ پەڕینی زیاتر لە چل ساڵ تێکۆشان و فیداکاری سیاسی و پێشمەرگانەی دوور لە هەڵپەهەڵپ و خۆ گیف کردنەوە، باشتر لە رابردوو دەردەکەوێ کە سازمانی خەبات تەشکیلات و سازمانێکی تەواو جیاوازی سیاسیەو بەدیلی هیچ لایەنێکی سیاسی دیکەی کوردستانی نەبووە نابێ و، ئەوانەی پروپاگەندەی ژەهراویان لە دژی سازمانی خەبات بڵاودەکردەوە، دەرکەوت یا بیریان کورتە و یا هەر بێ هۆ کینەو ڕقیان لە سازمانی خەبات هەیەو ناتوانن بوونی ئەو تەشکیلاتە ڕەسەن و نیشتمانیە ببینن. بەڵێ، دەرکەوت کە سازمانی خەبات، خەت و باوەڕێکی جیاوازەو کۆپی یا بۆ جێگرتنەوەی هیچ لایەنێکی دیکە نیە، دەرکەوت کە سازمانی خەبات خاوەن بیری نیشتمانی ونەتەویی و تەواو کوردستانیە. ئەگەر سەرنجێکی وردی ڕوداوە سیاسیەکان لە کوردستان و ئێران بدەین، دەردەکەوێ کە سازمانی خەبات،بە دروستی بەرنامەو دروشمی داناوەو بە شێوەیکی سەرکەوتوانەو شەفاف کاری کردووە، تا ئەو جێگەی بۆی کراوە دروشمەکانی بە کردەوە جێ بە جێ کردووە. سازمانی خەبات شێوەیکی نوێ لە کاری سیاسی و شۆرشگێرانەی پەیرەو کردو سیاسەت و کاری سیاسی، بە پێبەندبوون بە پەیمان و بەڵێن و سەداقەت و وەفا بەستەوە. سازمانی خەبات سیاسەتی راست و هەڵوێستی سادقانەی کردە بنەما، پشتی لەوانە نەکرد کە دۆستی بوون، تەنانەت ئەگەر دۆستەکان کەم لوتفیان لەگەڵ سازمان کردبێ، بەو حاڵەش سازمانی خەبات، چاوی لە کەم لوتفیەکان پۆشیەوەو بەردەوام بووە لە دۆستایەتی،دیارە تا ئەو جێگەی، بێ لوتفی لایەنی بەرانبەر نەگەیشتبێتە ڕادەی زیان گەیاندنی قەرەبوونەکراوە بە ئامانجەکانی جولانەوەی مافخوازانەی گەلی کوردو شۆرشی رەوا لە بەرانبەر رژیمی دیکتاتۆری ئاخوندی و لە هەمانکاتیشدا، زیانی زۆر قورس و قەرەبوونەکراوەی بۆ سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران بە دواوە نەبوبێ . لێرەدا چەند نمونە لە سیاسەت و کارکردی دروستی سازمانی خەبات لە ماوەی چل ساڵ تێکۆشانیدا دەخەمە روو.

1-شۆرش و تێکۆشانی خۆماڵیانەو نەتەوەیی و دوور لە کاریگەری خەت و بەرنامەی بێگانە.

2_ خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانی سالم و نەبزرکاو، بە شێوەیک دانیشتوانی کوردستان بە هەموو بیرو بۆچوون و ئایین و مەزهەبێک و کەمایەتی نەتەوەیی، کەلە سنووری کوردستانداندان و خاوەن بەش و خاوەن جێگەن، نامۆیی لێ نەکەن.

3__ زۆر بە جیددی و سادقانەو غەمخۆرانە کاری بۆ یەکێتی و تەبایی لە کوردستاندا کردووە هەوڵی بۆ دارشتنی بەرنامەو کردوە بە مەبەستی دۆستایەتی و هاوکاری لەگەڵ هێزو لایەنە سیاسیەکانی کوردستانی ئێران داوە. تەنانەت لەو چوارچێوەداو بۆ گەیشتن بەو مەبەست و ئامانجە گرینگە،زۆر جار لە هێرشی فیزیکی و تەبلیغی نارەوا لە دژی سازمانی خەبات و پێشمەرگەکانی، لە سەرەتای جولانەوەی مافخوازانەی گەلی کورد لە دژی خۆی پۆشیوە. کە تازەترین نمونەی بریاری سازمانی خەبات بە کشانەوە لە قەندیل و جیای هەڵگورد بوو لە هاوینی ئەمساڵ(1398) کۆچی خۆری ئەویش بە مەبەستی دوور کەوتنەوە لە ئالۆزی لەگەڵ دوو لایەنی حیزبی دیموکرات. بەو بریارە جارێکی دیکەش سەلماندمان کە سازمانی خەبات چەندە خاوەن پرنسیپەو چەند خاوەن ئووسوولەو ناهێڵێ هەلومەرجە نەخوازراوەکان و هەوڵە نابەجێکان ڕێگەی ئامانجە پیرۆزەکانی لێ وون بکەن.



4 ـ سازمانی خەبات تێکرای پێکهاتەی دەسەڵاتداریی ئاخوندەکان بە هەموو لق و باڵەکانی، پێ دزێوو قێزەوونە،لە کاتێکدا تێکرای باڵ و مۆرەکانی دەسەڵات لە جینایەت و مرۆف کوژی و ئازارو شکەنجەدان و بە فیرۆدانی سەرمایەی خەڵک و کردەوەی ترۆریستی و شەڕو ئاژاوە لە ناوچەکەو جیهاندا دەوریان هەبووەو هەیە، لە کاتێکدا کوشتن و سەرکوتی ژنان و منداڵان و هەر تاکێک لە ئێران و کوردستان لە لایەن ئاخوندانی دەسەڵاتدار کارێکی ئاساییە، لە کاتێکدا دژایەتی گەلی کوردو جینایەت لە بەرانبەر دانیشتوانی کوردستان دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی پلەی پاسدارو چەکدارە جینایەتکارانی حکومەت و بە کورتی لە کاتێکدا ئەو دەسەڵاتە هەموو پێوەرە ئەخلاقی و ئینسانی و ئایینی پێ شێل دەکاو تەنیا زمانی هەرەشەو ئەشکەنجەی لە ماوەی دەسەڵاتداریدا زانیوەو کاری پێ کردوە، سازمانی خەبات بە خوێندنەوەی دروست لە سەر پێکهاتەی دەسەڵات و کۆی جینایەت و مەترسیەکانی بۆ سەرداهاتووی کوردستان وئێران بریارێکی ژیرانەی ئەوەیە کە ووتووێژ لەگەڵ ئەو دەسەڵاتە درندەیە بە تەواوی ڕەد کردۆتەوەو ئامادە نیە هیچ جۆرە ووتوێژێک لەگەڵ ئاخوندانی ملهورو درندە بکات، و لە هەمانکاتدا پێی وایە ووتوێژو دانیشتن لەگەڵ ئەو دەسەڵاتە، نەک خزمەت بە جولانەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان و شۆرشی دیموکراسیخوازی لە ئێراندا ناکات، بەڵکو تەواو بە زیانی خەڵکی کوردستان و شۆرشە ڕەواکەی وبە زیانی ئامانج و خوێنی شەهیدانە.

5__ سازمانی خەبات باوەری وایە جولانەوەی مافخوازانەی کوردستان، دەبێ سیاسەت،

ئیستراتیژی و بەرنامەکانی لە سەر بنەمای واقعیەتی سیاسی ناوخۆیی و ناوچەیی و جیهانی دابرێژی، و پێ وایە دروست نیە کارەکان و سیاسەتەکان، کاتی و لە سەر بنەمای ئیحساسی بنیات بنرێن. هەر لە سەر ئەو بنەمایە، سازمانی خەبات ئیستراتیژی روونی بۆ شێوەی کارو تێکۆشانی خۆی دارشتووە پێی وایە شۆرشی گەلەکەمان نابێ لەسەر دروشمی بێ ناوەرۆک وقسەو هەڵوێستی ئیحساسی دابرێژرێ.

6ـ هەوڵ بۆ نەهێشتنی فەرهەنگی ناوچەگەرایی و دەستە بەندی لە ناو شۆرش بە گشتی و لە ڕیزی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران ی بە تایبەتی و دیاری کردنی خاڵێک لە پەیرەو پرۆگرامی سازماندا سەبارەت بەو دیاردە زیانبارە لە بەندی سێهەمی ئەرکەکانی ئەندام هاتووە(هەر جۆرە ناوچەگەرایی،فراکسیۆن ودەستە بەندی لە ڕیزەکانی سازمان بە خەیانەت بە گەلی کورد و سازمانی خەبات دەزاندرێ).ئەو خاڵە دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە سازمانی خەبات چەندە پەرۆشی تەبایی و یەکدەنگی و لە هەمانکاتدا هەوڵ بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردە قێزەوونە لە ناو کۆمەڵگەی کوردەواری وهەروەها لە گۆرەپانی جولانەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستانە......هتد.

چاوەروانی تێکۆشەرانی ڕیزەکانی سازمانی خەبات لە چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان:

ئەو چەند نمونە لە سیاسەت وبەرنامەی سیاسی و کارکردی سازمانی خەبات کە باسم کردوون، نمونەیکی روونن بۆ ئەوەی کە هەر کەسێک بە دروستی خوێندنەوەیان بۆ بکات، بۆی دەردەکەوێ سازمانی

ل 3

**لەم ژمارە دا:**




سازمانی خەبات، داهاتوو و ئەرکەکانمان ! ل 1



چل ساڵ خەبات و تێکۆشان،چل ساڵیەک بڕوا و کۆڵنەدان ل 1



ساڵیادی کوشتاری قارنێ و قەڵاتان ل 2



دیاری کردنی نۆزدەی خەرمانان وەک رۆژی خۆ کوژی ل 2



یادیک لە شەهید کەک عەبدولکەریم حوسەینی ل 4



بەڕێوەچوونی سیمیناریک بۆ لاوان ل 6



بەشداری سازمانی خەبات لە کۆنفرانسی،، ئێرانی داهاتوو،، لە ئامریکا ل 7


تا ستەمم لە سەرە ڕێی خەباتم لە بەرە

# دیاری کردنی ١٩ی خەرمانان وەک ڕۆژی خۆکوژی!



دیاردەی خۆکوژی لە ناو هەموو کۆمەڵگاکانی جیهان دا بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، هەر ئەم هۆکارەش وای کرد کە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی WHO بە مەبەستی کارکردن لەسەر نەهێشتنی خۆکوژی و بەرگری کردن لە هۆکارەکان، ١٩ی خەرمانانیان وەک ڕۆژی جیهانی خۆکوژی دیاری کرد. یەکێک لەسەرەکیترین هۆکارەکانی خۆکوژی، بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووریە. ئەو کەسانەی کە دەگەنە ئەو بڕواو ئاستەی خۆیان بکوژن زۆربەیان لەلایەن کۆمەڵگاوە پەراوێز خراون یان لانیکەم خۆیان ئەو هەستەیان هەیە. هەندێک کات ئەوان بە دوو شێوە داوای یارمەتی دەکەن، بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناراستەوخۆ .

شێوەی ڕاستەوخۆ وەک ڕۆیشتن بۆ لای دوکتور یان باس کردن لای کەسانی نزیکی خۆیان. شێوەی ناراستەوخۆ وەک دابڕان لە دەوروبەری خۆیان وەک دوور کەوتنەوە لە کۆمەڵگا بۆ وێنە ئەو کەسانەی کە پێشتر کەسایەتیەکی کۆمەڵایەتیان هەبوە دوور دەکەونەوە لە کۆمەڵگا و تووشی گۆشەگیری و خەمۆکی دەبن، مەترسی خۆکووژیان لەسەرە و دەبێت لەلایەن کەس و کاری ئەوکەسانە بە وریایی سەرەنجیان بدرێتێ.ئەوەی لەم سەردەمە لە نێو لاوان زۆر بەرچاوە بریندارکردنی خۆیانە، ڕەنگە هەمووومان لە دەوروبەری خۆمان مێرمنداڵان یان لاوانمان دیوە کە ئازاری خۆیان ئەدەن، ئەمەیش بە پێی لێکۆڵینەوە خۆکوژی نوێیە، ئەو کەسە نایەوێ کۆتایی بە ژیانی خۆی بێنێ بەڵام دەیهەوێ سەرەنجی خەڵک بۆ لای ئەو کێشە و گرفتانە کە هەیەتی ڕابکێشێ. باوەڕێکی هەڵە کە لەنێو خەڵک هەیە ئەوەیە کە نابێت سەبارەت بە خۆکوژی قسە بکرێ بە پێچەوانەی ئەم باوەڕە دەبێت زۆرتر بخرێتە بەر سەرنجی خەڵک و بەتایبەت لاوان. بەهێزبوون و خۆڕاگری لە بەرانبەر ئازارەکانی ژیان وانەیەکە کە دەبێتە هۆی دابەزینی ئامار و ئاسەواری خۆکوژی لە نێوان لاوان و خەڵکانی تردا.

ئاماری خۆکوژی لە وڵاتێکی وەک ئێران کە لە ژێر دەسەڵاتی دیکتاتوری ئاخوندیە ڕاستەقینە نیە و لە زۆربەی ئۆرگانەکانی ڕژێم ئەم ئامارانە بە نهێنی دەمێنێتەوە و ڕاناگەیەندرێ. بەڵام بە هەموو ئەم چەواشەکاریانە ئێران سێهەمین وڵاتە لە بواری خۆکوژی، دیاردەیەک کە زۆرتر ژنانی خاوەن ماڵ و منداڵ توشی دەبن. بە پێچەوانەی کۆمەڵگاکانی دیکەی جیهان کە زۆربەی پیاوانی سەڵت خۆکوژی دەکەن. لە وڵاتی ئێران خۆکوژی زیاتر لەناو چینی لاوەکاندایە بەڵام لە کۆمەڵگای جیهانیدا کەسانی گەورەساڵ زۆرترین ئاماری خۆکوژیان هەیە. لە کوردستان نەبوونی زانیاری و بێکاری و بارودۆخی کارەساتباری ئابوری و کۆمەڵایەتی زیاترە، بەم هۆیەوە ئاماری خۆکوژی لە کوردستان زیاتر خۆی دەردەخات. هەروەها لە ماوەی هەشت مانگی ڕابردوودا ١٩٠کەس کۆتاییان بە ژیانی خۆیان هێناوە، کە ٩٣کەسیان ئافرەت و ٩٧یان پیاوە، لەکۆی ئەم ١٩٠کەسە ٤٤کەس تەمەنی خوار ١٨ساڵیان بووە کە ٢٥کەسی کچ و ١٩کەسیش کور بوون. ئەوەی کە حاشاهەڵنەگرە خۆکوژی لە بەرچاوی خەڵکە کە بۆ میدیاکانی ڕژێم ناشاردرێتەوە. زۆربەی ئەم شێوە خۆکوژیانە بە هۆی کێشەی کۆمەڵایەتیەوەیە. ئەمە دەرخەری ئەوەیە ئەو کەسانە جیا لە کوشتنی خۆیان دەیانهەوێ دەرد و کێشەکان بخەنە ڕوو و ناویان لە مێژوودا بمێنێتەوە و ببنە هۆکارێک بۆ سەرهەڵدانی گەورەتر و وریایی بە خەڵک ئەدەن. شێوەیێک لە دەربڕینی نارەزایەتی کە ئەو کەسانە بۆ خۆیان دەبنە قوربانی، نمونەی ئەم شێوە خۆکوژیانە دەتوانین بە سەحەر خودایاری ئاماژە بکەین. کە بەناوی (دختر ئابی) ناوبانگی دەرکرد و ئەم کچە بەهۆی ئەوەی کە لە یاریگای ئازادی بۆ دیتنی یاری تۆپی پێ بەشداربوو کە سەرەتایی ترین مافی هەر مرۆڤێکە، لەلایەن ڕژێم دەسبەسەرکرا و بەدوایشدا سزای زیندانیان بەسەریا سەیاند کە ناچار بوو لەپێش چاوی خەڵک و لە پێش یاریگای ئازادی تاران ئاگر لە خۆی بەربدات، بەداخەوە لەدوای چەند ڕۆژێک گیانی دا. وەک دەزانین بە درێژایی مێژوو حکومەتی دیکتاتۆری ئاخوندی گیانی مرۆڤەکانی بۆ گرینگ نەبوە وئێستایش ترسی ئەوەیان هەیە ئەم کردەوە ببێتە هۆی سەرهەڵدانێک لە لایەن خەڵک و لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و کەسایەتیە بەناوبانگەکانی وەرزشی ئێران ئاماژەی پێ دەکەن بەڵام ئەوەی لەهەموو ئەمانە بەهێزترە دەنگی سەرکووت کراوی خەڵکە. ئەوان خۆیان قوربانی کرد بۆئەوەی خەڵک وریا ببنەوە. خەڵکی ئێران ئەوە دەزانن هۆکاری هەموو ئەم کێشە و گرفتی ئابووری و کۆمەڵایەتیانە حکومەتی دیکتاتۆری ئاخوندیە کە بە سەرکوتی خەڵک تائێستە توانیویەتی درێژە بە حکومەتی نامرۆڤانەی خۆی بدات. حەقیقەت ئەوەیە کە تا کۆتایی هاتن بەو دەسەڵاتە نابێ واز لە شۆڕش و خەبات بێنین و دەبێ بە دەربڕینی نارەزایەتی و خۆپیشاندان و گۆڕینی ئەو دەسەڵاتە مافەکانی خۆمان بەدەس بێنین.

نووسینی:
فرمێسک ڕەزایی

# یادی سەروەری گەل شەهید موحەممەد ئەمین غەزاڵی .




هەر کاتێک کوردێک، دەست بۆ مێژووی خەباتی گەلەکەی دەبات و لاپەڕەکانی هەڵدەداتەوە، دوای ئەوە کە چەند پیتێک، لەو مێژوویە دەخوێنێتەوە مچۆرکی شەرەف و پیاوەتی بە لەش دادێ و مووی بەدەنی وەک شمشێرەکەی سەلاحەدین ڕەق و تیژ دەبێ، بۆ چی؟ لە بەر ئەوەی لە مێژوودا باسی پیاو چاکی و لە خۆ بردوویی و فیداکاری، نەترسی و تێکۆشان و خۆ بەخت کردنی ڕۆڵە بە شەرەف و جوانمێرەکانی گەلەکەی بەرچاو دەکەوێ، کە چۆن لە دژی داگیرکاران و زۆرداران، ڕاوەستاون وە چۆن خاکی کوردستانیان کردوە بە گۆڕستانی دوژمنان و چۆن چیا سەربەرزەکان و پێ دەشتەکانی ئەم کوردستانە پیرۆزەیان بە خوێنی پاکی خۆیان ڕەنگاندووە و بەڵگەی سەرکەوتنیان پێ مۆر کردووە و بۆ فریشتەی ئازادیان بردووە، ئێمەش لێرەدا وەکو کوردێک لاپەڕەیەک لە لاپەڕە خەت زێڕینەکانی مێژووی خەباتی ئەم قۆناغەمان کە وەکوو دەوڵەمەندێکی سەقیل، ئازایەتی و فیداکاری شەهیدەکانمان وەک کوپەڵەیەکی پڕ لە زێڕ بە بێ دەست لێدان و زایە بوون هەڵگرتووە هەڵدەدینەوە و یادی شۆڕە سواری گۆڕەپانی خەبات و تێکۆشان و هەڵۆیەک لە هەڵۆ بەرزەفڕەکانی چیا حەستەمەکانی کوردستان دەکەین کە چۆن لە مەیدانی ئازایەتیدا ئەسپی شەرەفی لینگداو چۆن کەمەندی مەرگی بۆ دوژمن دەهاویشت، ئەویش شەهید محەممەد ئەمین غەزاڵی یە.ئەم شەهیدە سەربەرزەمان لە بنەماڵەیەکی هەژاری کوردەواری لە گوندی ساوانی ناوچەی بانە، لەدایک بووە.لە ڕۆژگارە تووشەکانی ژیانی کولەمەرگی نەتەوەکەماندا ،بەتایبەت ژیانی پڕ لە کوێرەوەری وبەسەمەینەتی گوندنسینانی کوردستاندا، هاواری منداڵێکی ساوا، بێ دەنگی شەوەزەنگی ئەم کوردستانە خوێناویەی شکاندوو چاوی بە دنیای پڕ لە کەسەری کوردستان هەڵێنا و دایک و باوکی بە هەزاران هیوا و هومێد ناوی محەممەد ئەمین یان بە گوێ دادا.

شەهید محەممەدئەمین لە ناو باوەشی دایکی و بێشکە دارینەکەی کوردەواریدا گەورە بوو و پێی نایە ناو پلەکانی ژیانەوە. ژیانی نەداری و بێ بەشی ماوەی پێنەدا بەرەو قوتابخانە بچێت و بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی لە کاری فەلاحەتدا یارمەتی باوکیدەدا. پلە پلە گەورە بوو تا پێی نایە تەمەنی 15 ساڵییەوە، لە بەر ئەوەی کە بنەماڵەکەی بنەماڵەیەکی هەژار بوو و لە کوردستان شوێنی کار کەم بوو، بەرەو زۆربەی شارە فارسەکانی ئێران وەکو قوم و تاران و مەشهەد دەچوو. شەهید محەممەد ئەمین لەگەڵ ئەوەدا کە خوێندەواری نەبوو، بە ڕەگ و پێست و خوێن هەستی بە نەداری و بەشخوراوی گەلەکەی کردبوو ، لە شۆڕشی گەلانی ئێران دژی ڕژێمی پاشایەتی وەک ڕۆڵەیەکی ئازا و تێگەیشتوو خەباتی کرد و لە هەموو خۆپێشاندانەکاندا بەشداری هەبوو، لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران کە دەستکەوتنەکانی ئەو شۆڕشە خوێناوییە بوو بە نەغدینەی ناو چنگی خومەینی و دار و دەستە نەزانەکانی کە وەکو هەموو خوێنمژە مێژوویەکان و کوردکوژان دیسان دەمیان نایە ناو جەرگی کوردەوە و خوێنی جگەر گۆشەکانی گەلی کوردیان مژی و هێرش کرایە سەر کوردستان، شەهید محەممەد ئەمین وەک ڕۆڵەیەکی بە شەرەفی گەلەکەی چەکی دیفاعی لە شان کرد و لە بەرانبەر هێرشی نارەوای دوژمندا وەک قەڵایەکی لە ڕووخان نەهاتوو ڕاوەستا و لە کاتێکدا کە دەشتە ڕەنگاوڕەنگەکەی شاری سەقزی خوێناوی لە خوێنی پاسدارە بە کرێگیراوەکان شەپۆلی دەدا، لە ناو سەنگەری پیاوەتیدا لە ڕۆژی 6/خەرمانانی /1358 دا بە گوللەی خوێنمژانی مێژوو گیانی پیرۆزی فیدا گەل و نیشتمان کرد نەمامی داری ڕیشەداری شۆڕشی ڕەوای گەلی کورد بە گشتی، بە خوێنی شەهیدانی سوورخەڵات گوراوە و ئاودراوە، ئەوشۆڕشەی کە دوای چەندین دەیە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر بەرەو لووتکەی سەرفرازی ورزگاری نەتەوە و نیشتمان ڕێگەدەبڕێ و گشتگیرتر لە دنیای ئەمڕۆی مرۆڤایەتی دا خۆی دەنوێنێ، کەوایە ڕێزگرتن و درێژەدان بە ڕێبازی شەهیدان ئەرکی سەرشانی هەمووانە و نواندی وەفا داری بۆ ئەو خوێنانەیە کە لە پێناو ئامانجی بەرزی ڕزگاری نەتەوەیی دا تۆمار تۆمار مێژووی خەباتی ڕەوای کورد و کوردستانیان پێ نووسراوە و تابلۆی ڕەنگاو ڕەنگی شۆڕش و خەباتیان پێ نەخشاوە. شەهیدەکانی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران وەک پۆلێک لە ئەستێرەکانی کاکێشانی ئاسمانی کوردستان، بە تیرێژی خوێنی ئاڵیان شەفەقی سوور و ئاڵ و واڵای ئاسۆی داهاتووی بەختەوەری نەتەوەی کوردیان زیاتر پڕ نوور و شەوق کردوە. سڵاو لەوخوێنانەی لەوپێناوەدا ڕژان و درووود بۆ ئەو گیانە پاکانەی کە لەو ڕێباز و بوارانەدا فیدا بوون.

نووسینی ڕێبوار حوسەینی

# ساڵیادی کوشتاری بە کۆمەڵی خەڵکی قاڕنای شاری نەغەدەی کوردستان لەلایەن هێزە داگیرکەرەکانی ڕژیمی ئاخوندی.



٤٠ساڵ لەمەوبەر لە ڕێکەوتی ١١ی خەرمانانی١٣٥٨، ڕژیمی تازە بەدەسەلات گەیشتووی ئاخوندی لە دوای دەرکردنی فەرمانی جیهاد لە دژی کورد، بە درندانەترین شێوە کوشتارێکی سامناکی لە چەندین دێ و ناوچەی کوردستان وەرێخست و پۆل پۆل ژن و منداڵی کورد بە بێ هیچ موحاکەمە و تاوانێک دەدرانە بەر دەستڕێژی گوللە لەیانەن هێزە جینایەتکارەکانی دەسەڵاتدارانی ئێران. لەو ڕۆژەدا هاوکات لەگەڵ هێرشی هێزەکانی ژێر فەرماندەیی ئاخوند حەسەنی بۆ سەر پادگانی مەهاباد، فەرمانێکی بێ بەزەییانە بۆ هێرش کردنە سەر دێی قارنا درا و کوێر کوێرانە ٦٨ کەس لە دانیشتووانی ئەو ئاواییە بەمنداڵ و ژن و پەککەوتە شەلاڵی خوێن کران. ئەو کەسانە کە تەنیا بە تاوانی کورد بوون و سوونی بوون کەوتنە بەر ڕقی بەکرێگیراوە ئاڵقە لەگوێکانی ڕژیمی خومەینی، ناو و یادیان بۆ هەتا هەتایە لە مێژووی خەباتی نەتەوەکەمان بە بەرزی دەمێنێتەوە .

هەر چەند ئازاری ئەو کارەساتە زۆر جەرگبر و دڵتەزێن بوو بەلام ئەو ڕووداوە بوو بە بەڵگەیێکی حاشاهەڵنەگر لە سەر درندەیی ئەو دەسەڵاتە ملهور و دیکتاتۆرە و لەهەمانکاتیشدا ڕوداوی قارنا و باقی جینایەتەکان بوون بە ناسنامەیێکی دیرۆکی بۆ مەزڵومیەتیی و لەسەر حەق بوونی گەلە ستەملێکراوەکەمان و ئەو



ڕژیمی جینایەت و مرۆڤکوژی ئاخوندی بەوەش نەوێستا، لەماوەدای ساڵەکانی ٥٨ تا ٦٢ی کۆچی خۆری لە کۆمەلێک هێرشی نامرۆڤانە بۆ سەر شارو دێهاتەکانی کوردستان چەندین کۆمەڵکوژی و جینایەتی بێ بەڵگە و تاوان و موحاکەمەی هاوەڵاتیانی کوردیان بەرێوە برد کە دەتوانرێ جینایەتەکانی نەغەدە، قاڕنێ و قەڵاتان، دیلانچەرخ و حەڵب و کۆیکان، کانی مام سەیدە و چەقەڵ مستەفا و خەلیفەلیان، هیندرقاش و قرەگۆڵ و سەوزی و دێیمەسور، ساروقامیش، جەعفەرئاوا، مەرجانئاوا، سۆفیان، جبریل ئاوا و گوندەوێڵە بەنمونە بهێندرێتەوە کە تێیدا سەرجەم ٢٤٥ هاوەڵاتی مەدەنی و بێ تاوانی کورد کومەڵکوژ و گوللەباران کران.

دەسەڵاتدارانی ڕژیمی ئاخوندی لەماوەی ئەو ٤٠ ساڵەی دەسەڵاتدارییان بەسەر ئێرانەوە، بۆ جارێکیش ڕوونکردنەوەیان لەسەر چۆنیەتی و هۆکاری بەڕێوەبردنی ئەوکۆمەڵکوژییە نەهێناوەتەوە و تەنیا خومەینی نەبێ کە لەدوای خۆراگرییە کەموێنەکەی پێشمەرگەکانی کوردستان و ڕاگەیاندنی ئاگرِ بڕ ، ئیددیعای کرد زانیاری هەڵەیان داوە بەمن ، وەک بڵێی بە ووتنی ئەو ڕستەیە تەواوی تاوانەکانی ئەو دەسەڵاتە و شەخسی خومەینی دەشۆردرێتەوە و میللەتی کوردیش هەموو ستەم و جینایەتەکان لەبیر دەکەن و سووکنایی دڵ دێ و برینەکانیان سارێژ دەبێتەوە.

هەرچەند لە نیزامێکی مێشک ویشکی فاشیستی دیکتاتۆری مەزهەبی ناتواندرێ جگە لەو خێر و بێرانەی تا ئێستای بۆ گەلانی ئێرانی بووە زیاتر چاوەروان بکرێ، بەڵام بە وادەرخستنی ئەوەی کە هیچ ڕووداوێک ڕووی نەداوە و ئاو لەئاو تەکانی نەخواردووە، ئەوپەری بێ شەرمی و درەندەیی و مرۆڤکوژی ئەو دەسەڵاتەمان بۆ دەردەکەوێ. ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە گەلی کورد لە پێناو ئازادی و ڕزگاریی لە ژێر ستەمی ستەمگەران ئازار و ناخۆشیەکی زۆری تووش هاتووە و بە بینینی هەزاران ئازاری دیکەی لەچەشنی کومەڵکوژی قارنا دا ئیرادەی ئازادی ویستی گەلەکەمان ئاڵوگۆری بەسەر دا نایە و سەرکەوتنی کۆتایش هەر بۆ گەلەکەمان دەبێ و ئەوەی بۆ دەسەڵاتە ستەمگەرەکانیش دەمێنێتەوە ڕوورەشی زیاتر لە بەرانبەر مێژوو و وەڵامدانەوەی کردەوە جینایەتکارانەکانیان لە دادگاکانی جەماوەریی دەبێ. لە کۆتایی دا ئەوەی کە پێویستە پێداگری لەسەر بکرێتەوە نەکەوتنە ناو داوی دەسەڵاتدارانی ڕژیم بۆ ناو شەری تورک و کوردە کە ڕژیم هەوڵێکی زۆر دەدا بۆ ئەوەی کێشەکە کورت بکاتەوە بۆ شەری دوو نەتەوەی جیاوازی ئێران و وادەری بخات کە دەسەڵاتدارانی ئێستای ڕژیم لێی بەرپرسیار نین، و لە لایێکی دیکەش درز بخاتە ناو نەتەوەی کورد و تورک، بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ئەو کوشتارە بە فەرمانی لوتکەی دەسەڵاتی ئاخوندی و لە درێژەی فەتوای جیهاد دژی گەلی کورد لەلایەن خومەینی بوو کە بۆ کپ کردنی دەنگی ئازادیخوازی ئەو گەلە دەرچوو. جێگەی خۆیەتی بەو بۆنەوە سڵاو و درود بنێرین بۆ سەرجەم شەهیدانی قارنا وباقی شوێنەکانی دیکەی کوردستان و بە خەبات و خۆڕاگری یەکگرتووانە بەرەو ڕزگاریی لە کۆت و بەندی دەسەڵاتە ستەمگەرەکان هەنگاو بنێین و بە سەر لەهەندا یەکی و تێکۆشانی نەتەوەییانە و هاوبەش ڕێگەی دووبارە بوونەوەی ئەو کارەساتە ناخۆشانە بەسەر گەلەکەمان بگرین و بەرەو لوتکەی ئامانجەکانمان هەنگاو بنێین. .

نووسینی : کامیل نوورانی فەرد

# نووسەرێکی کورد، پلەی مامۆستای ئیفتیخاری لە زانکۆیەکی بریتانیا ، پێ بەخشرا.



نووسەر و ڕۆژنامەنووسێکی کوردی خەڵکی شاری ئیلام، لە لایەن زانکۆی "بیرکێبک"ی بریتانیاییەوە، پلەی مامۆستای ئیفتیخاری پێ بەخشرا.

بێهرووز بووچانی، نووسەر و ڕۆژنامەوانی کوردی خەڵکی ئیلام، لە لایەن زانکۆی بیرکێبکی بریتانیاییەوە، وەکوو مامۆستای میوان، بانگهێشتی ئەو زانکۆیە کرا. زانکۆی بیرکێبکی بریتانیایی، ئەو پلەیەی بە هۆی هەوڵ و چالاکییەکانی ئەو نووسەرە کوردە لە بواری فەرهەنگییەوە بە ناوبراو بەخشیوە.

بێهرووز بووچانی"، زیاتر لە ٦ ساڵە لە گرتنگەی پەناخوازەکان لە دوورگەی "مانووس زیندانییە. پێشتریش، ڕۆمانی "هیچ هاوڕێیەک جگە لە شاخەکان" لە نووسینی "بێهرووز بووچانی"، هەتا ئێستا براوەی خەڵاتی ئەدەبیی جۆراوجۆر، بەتایبەتی خەڵاتی "ویکتۆریا" بۆ ئەدەبیات و خەڵاتی ویکتۆریا بۆ بەرهەمە نائەدەبییەکانی بەدەست هێناوە. هەواڵدەری کوردپا: بێهرووز بووچانی، خەڵکی شاری ئیلامە و نووسەر و ڕۆژنامەوانە، چوار ساڵ لەمەوبەر تووشی کێشە بووە و ئێران و کوردستانی بەجێ هێشتووە. لەم چوار ساڵەدا لەسەر ئەم کەمپە کاری ڕۆژنامەوانی و مافی مرۆڤی کردووە و لە ڕۆژنامە نێونەتەوەییەکانی وەک ڕۆژنامەی "گاردیەن" و "هافینگتۆن پۆست" بابەت دەنووسێت.

## پاشماوەی : سازمانی خەبات ، داهاتوو و ئەرکەکانمان ،لە لاپەڕەی یەک...

خەبات چەند غەمخۆرانە لە پێناو ئامانجەکانی خەڵک و شەهیدان تێکۆشاوە. هەر بۆیە جێگەی خۆیەتی،وە هەروەها بەرپرسایەتێکی نیشتمانی و نەتەوەییشە کە پشتیوانی و پشتگیری سازمانی خەبات بکرێ و هاوکاری هەمەچەشنەی بکرێ بۆ ئەوەی بە ئامانجەکانی بگات، کە بێگومان سیاسەت و بەرنامەکانی بۆ کوردو بۆ رزگاریی و ئازادیە. گومان لەوەدا نیە کە هاونیشتمانیانی کوردستان هەمیشە پشتیوانی سازمانی خەبات بوون، بەڵام پێویستە لەم هەلومەرجە حەستەمەدا و بە تایبەت بەو جێگەو پێگە سیاسی و بەرنامە دروستانەی سازمانی خەبات کە بۆ ئێستاو بۆ سەردەمی ئازادی ئێران و کوردستان هەیەتی، پشتیوانیە هەمەچەشنەکانیان زیاتر بکەن. پشتگیری سازمانی خەبات دەبێتە هۆی بە توانایی و بە هێزیی، کە بە هێزی سازمانی خەبات بەو گشتە باگراوەندو بنەماو پرنسیپ و ئوسوڵی شۆڕشگێرانەیەو بەو پێ بەندیانەی بە داب و نەریتی کوردەواریی هەیەتی، پێشڕەوی گەلی کورد بەرەو ئازادیی و رزگاریی یەکجاریی دەبێ.

ئەرکی تێکۆشەرانی سازمانی خەبات لە ئێستاو قۆناغی داهاتوو:

هەموو ڕێبوارانی ڕێبازی سازمانی خەبات بەرپرسایەتی گەورەیان لە سەر شانە بۆ بەرەو پێش بردن و گەشە پێدانی ئەم تەشکیلاتە پاک و دڵسۆزەی کوردستان. بە جێگەیاندنی ئەرکی تەشکیلاتی،ڕاگەیاندن، بەرزکردنەوەی توانای ماددی و تەداروکاتی، بەرزکردنەوەی حاستی هۆشیاری سیاسی و فکری و.......هتد دەبێ بە جیددی کاری بۆ بکرێ و پێویستە هەوڵی جیددی بدرێ لە پێناو گەشەپێدان و بەرزکردنەوەی تێکرای ئەو خاڵە گرینگانە.

بەردەوام بوون لە سەر ڕێبازی سازمانی خەبات شانازیە بۆ هەموان و لە هەمانکاتدا گەشە پێدان و بەرزکردنەوەی تێکڕای هۆکانی کارکردن، هەم ئەرکێکی گرینگەو لە هەمانکاتیشدا وەفایە بە ڕێبازی سازمانی خەبات و خوێنی شەهیدانی سوورخەڵات و ڕێبەری نەتەوەیی دڵسۆزی کۆچ کردووی سازمان مامۆستا شێخ جەلال حوسەینی.

بەو هومێدەی لە داهاتودا شاهیدی گەشەو پێشکەوتنی زیاتری سازمانی خەبات بین.

مەرگ و نەمان بۆ ڕژیمی دیکتاتۆری ئاخوندی ، سەرکەوێ شۆڕشی ڕەواو ئازادیخوازیی گەلی کورد و گەلانی ئێران.

نووسینی: بابەشێخ حوسەینی.

## دەورەیەکی دیکەی فێرگەی پێشمەرگایەتی سازمانی خەبات ، لە ژر ناوی ،، دەورەی شەهید موحەممەد ئەمین غەزالی بەرێوەچوو،،.

دەورەیەکی سەرەتایی پێشمەرگەی تازە پەیوەست بوو بەریزەکانی سازمانی خەبات کۆتایی پێهات. رۆژی هەینی ریکەوتی 13ی سپتامبری 2019، رێورەسمی کۆتایی هاتنی دەورەی سەرەتایی و چەکدارکردنی پۆلێک پێشمەرگەی تازەپەیوەست بوو، لەژێر چاودێری و بەرێوەبردنی کۆمیسیۆنەکانی سیاسی نیزامی و پەروەردە و لەژێر ناوی دەورەی شەهید " محەممەدئەمین غەزاڵی" بەرێوەچوو.

سەرەتای رێورەسمەکە بە دەقەیەک بێدەنگی بۆ رێزگرتن لە رۆحی شەهیدان دەستی پێکرد و پاشان چەند وتەیەک لە لایەن بەرێز کاک شۆرش حاجی ئەندامی رێبەرایەتی سازمانی خەبات پێشکەش کرا کە تێیدا ووتی:

بوون بە پێشمەرگە شانازییەکی گەورەیە کە تەنیا نسیبی کەسانی باوەر بەخۆبوو و تێگەیشتووی ناو کۆمەڵگا دەبێ ،ئەوانەی کە لە







دێن خەبات دەکەن و ئامادەن لەو پێناوەدا گیانیان فیدا بکەن. نابێ لە بیرمان بچێ چەندە پەیوەست بوون بە ریزەکانی شۆڕش و خەبات گرینگە ئەوەندەش مانەوە و خۆپەروەردەکردن لەناو شۆڕ دا گرینگە و تەنیا بابەتێک کە ئەوە پشت راست دەکاتەوە کە ئەو کەسەی دێ بۆ خەبات و تێکۆشان لە رووی تێگەیشتوییەوەیە بەمانەوە تا سەرکەوتنی یەکجاتری لە ناو ریزەکانی شۆڕش دا ماندوویی نەناسانە درێژە بەو ێ بەرانبەر بێ عەداڵەتیەکان دا هاواری نارەزایەتی بەرز دەکەنەوە و لە پێناو نەهێشتنی ستەم، ەرکە پیرۆزەی بدات. بەرێز شۆڕش حاجی لە بەشێکی تری قسەکانیدا ووتی: لەکاتێکدا دەورەیێکی تر لە زنجیرە دەورەکانی فێرگەی سیاسی نیزامی سازمانی خەبات کۆتایی پێدێنین کە ئاڵوگۆڕەکان لە ئاستی نێونەتەوەیی و لە ئاستی ئێراندا بە قازانج و هاوتەریبی بەرژەوندییەکانی جوڵانەوەی رزگاریخوازانەی نەتەوەییمانن و رژیمی جینایەتکاری ئاخوندی زیاتر لە هەر کاتێکی تر تەریک کەوتۆتەوە و قەیرانە سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتیەکان گەمارۆی ئەو دەسەڵاتە دواکەوتوەیان داوە و دوورەدیمەنی چارەسەر کردن و زاڵ بون بە سەر ئەو کێشانە دا یەکجار تاریک و لێڵە. لەوەها هەل و مەرجێکدا بێگومان ئەرکی هێزی رزگاریدەری کوردستان قورستر و پربایەخترە و ئەوە دەخوازێ کە بە کاری زیاتر و یەکێتی و تەبایی گشتی، خەبات و تێکۆشانی خۆمان دژی دەسەڵات بەرەوپێش ببەین.

لەدوای ووتەکانی کاک شۆرش حاجی، لەلایەن یەکێک لە هاورێیانی پێشمەرگە یەیامی سیاس و پێزانین لە مامۆستایانی فێرگە خوێندرایەوە و لە پاشان دا چەکی شەرەف و کەرامەت لەلایەن بەرپرسانی کومیسیونی سیاسی نیزامی پێشکەش بە پێشمەرگە تازە پەیوەست بووەکان بەریزەکانی سازمانی خەبات کرا.





## بریندار بوونی کۆڵبەریک لە سنووری شاری قووتوور.



کۆڵبەرێکی کورد بە تەقەی راستەوخۆی هێزەکانی سیای پاسداران لە سنووری شاری قوتووردا، بریندار کرا. ڕۆژی هەینی، ٢٢ی خەرمانان، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی "محەممەد هادیزادە"، تەمەن ٢٥ ساڵ، کوری "ئەسەد"، خەڵکی گوندی "یووسفئاوا"ی ناوچەی قوتووری خۆی، بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی سپای پاسداران بەسەختی ێنکرا.

ئەو کۆڵبەرە کوردە، بەبێ ئاگاداركردنەوەی پێشوەختە لە سنووری قوتوور، لە لایەن هێزەکانی سیای پاسدارانەوە، تەقەی لێکراوە و لە لایەن دانیشتووانی ئەو ناوچەیە، ڕەوانەی ناوەندی دەرمانیی شاری خۆی کراوە. ئەو کۆڵبەرە کوردە، بەهۆی قورسیی برینەکەیەوە، ڕەوانەی نەخۆشخانەی شاری تەورێز کراوە و هەنووکە لەژێر چاوەدێریی پزیشکیدایە.


The world's top 50 thinkers
The results
Tens of thousands voted to choose the world's top thinker from the 50 names

Winner
Caucher Birkar
Interview by *Prospect*'s Tom Clark

There has been phenomenal interest in our list of the World's Top 50 Thinkers, with tens of thousands voting. After the ballot closed, I'll confess to jitters on opening the results. In these polarised times, what sort of mind would rally the most online support? One of the more trenchantly opinionated thinkers on the list seemed a safe bet, a name that would probably alienate one set or another of *Prospect* readers.

## کۆچەر بیرکار وەکوو بیرمەندی یەکەمی جیهان دیاری کرا!.

پرۆفیسۆر کۆچەر بیرکار، لەنێوان پەنجا بیرمەنددا، وەک بیرمەندی یەکەمی جیهانی ساڵ هەڵبژێردرا. لە راپرسیەکی ئانلاینی دا کە لەلایەن رۆژنامەی پرۆسپێکت مەگەزینی بریتانیایی ئەنجامدرابوو، لە نێوان پەنجا بیرمەند دا، کۆچەر بیرکار وەک یەکەم بیرمەندی یەکەمی جیهان هەڵبژێردرا.

کۆچەر بیرکار ساڵی ٢٠١٨ خەڵاتی فیڵدزی بیرکاری، کە بە نۆبڵی دوونیای زانستی بیرکاری هەژمار دەکرێت، بردووەتەوە. (Caucher Birkar ) (کۆچەر بیرکار (فەرەیدوون درەخشانی بیرکارێکی هاوچەرخی کوردە کە لە ساڵی ١٩٧٨دا لە گوندی (نێ)ی سەر بە شاری مەریوان لەدایک بووە. بیرکار ئێستا لە زانکۆی کامبریدج پرۆفیسۆرە. لە ساڵی ٢٠١٨دا توانی گەورەترین خەڵاتی بیرکاریی جیهانی فیڵدز کە بە نۆبێلی بیرکاری ناسراوە دەستەبەر بکات. کۆچەر بیرکار وتوویەتی «هیوادارم ئەم خەڵاتە بزە بخاتە سەر لێوی چل میلیۆن کورد.

لەخاکەلێوەی موژدە هێنی وەرزی ژیانەوە و هەر مان دا،لە هاوینی پڕ لە تینی خۆری مانگی خەرمانان دا، لە ناو فەرەنجی شوان و سەرخەرمانی شەنیاران دا،لە ناو پۆلی قوتابخانە و شێعر و بەستەی شاعیران دا،لە چیرۆکی بەر ئاگردانی داپیرە و باپیران دا، بۆم بگەڕێن!. دەمدۆزنەوە و دەمناسنەوە!. من تاسە و سۆزی دەزگیرانی گراو لە باوەش نەگرتووی بە بەرگی رەش داپۆشراوم! من فرمێسکی حەسرەت رێژی قەتیس ماوی چاوی خوشکی شەهیدێکی کوردستانم!. من ئاهی دەروونی دایکێکی رۆڵە کوژراوی رێی رزگاریم!. پێڵوی چاوی لێک نەندراوی پێشمەرگە و پارێزەری نیشتمانم! تەتەڵەی مەکتەبی خەبات ، یادگاریی پیری چاک زانم ! بە سەرهاتی قارەمانی و ژیاننامەی شەهیدانم !!. من زەردی رەنگ و باری سەر لێوی مناڵانی لە گەرمی ئامێزی دای و بابان هەڵبراوم!. من تێکۆشانم !. دەنگ و رەنگی خەباتیەکان. مێژووی نەسرەوتن و کۆڵنەدانم !. ئەی رۆڵەی پاکی نیشتیمانم!! گوێ بگرە بۆ وتەکانم : بمخوێنەوە، بمدە بە دۆست و هەڤاڵان، چۆن چاکە هەر من دەیزانم.!

**بۆ پێشەوە بەرەو دامەزراندنی دەسەڵاتێکی دێموکراتیک و پارڵمانی**

# یادێک لە شەهید کاک عەبدولکەریم حوسێنی و هاورێیانی لە 21ی خەرمانانندا.!



خەرمانان ئەو مانگەیە کە سازمانی خەبات ی تێدا دامەزرا، هەر لەو مانگەدا شۆرەسوارانی چاوەنەترس،دوژمن بەزێن، خاوەن بروا، خاوەن ئیرادەو خاوەن بەڵێن گیانیان فیدای ئازادی گەل و نیشتمان و شۆرشی ئازادیخوازانە لە بەرانبەر رژێمی دیکتاتۆری ئاخوندی کردو بە خوێنی سورو ئاڵیان، رەوایی خەباتی مافخوازانەی گەلی کورد لە سەر رێبازی پیرۆزی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران یان مۆرکرد.
لە 21ی خە رمانان بیرەوەری شەهادەتی شەهید سەید عەبدولکەریم حوسەینی و هاورێیانی دەکەینەوە کە بە قامەتی مەردانەو هەڵمەتی شێرانەیان دەیان جار لوتی دوژمنیان لە عەرزداو هیمەتی گەلی کوردیان بەرانبەر بە ستەمگەران و داگیرکەران سەلماند.
بەڵێ ،لەشۆرشی ئازادیخوازی کوردستان رۆڵەی قارەمان ونەبەز وکەم وێنە و دەگمەن گیانی لە پێناو نیشتماندا فیداکردوە, ئەو رۆڵە قارەمان و دەگمەنانەی کە هیچ کات ئامادە نەبوون ژیان و ئاسوودەیی هەڵبژێرن و سەر بۆ دوژمنانی ئازادی و دوژمنانی گەل دانەوێنن.کوردستانی داگیرکراو و ئازادی لێ زەوتکراو, مەیدانی تێکۆشانی خەباتکارانی راستەقینەیەو کەلەبەرانبەریانداستەمگەرانی دژمن بەئازادی و مرۆڤایەتی سەنگەریان بۆ تواندەوەی نەتەوەی کوردو بە چۆک داهێنانی گرتوە,مەیدانی لەگیان بووردوویی و لەژیان بووردوویی تێکۆشەرانی گیان لەسەردەست بووە, لەبەرانبەریشدا کەسانی ژیان خۆشەویست و تەممەڵ وهیچ لە دەست نەهاتوو لە بەر رەنجی تێکۆشەران و قارەمانانی رووسوور و چاونەترس و دژمن بەزین, خەریکی عەیش و نۆش بوون, جێگەی داخە کەسانی بێ باوەر بەشۆرش و خوازەلۆکی بەر دیوانی رژێمی ئاخوندی کەبۆ دەست کەوتنی جێگەو مەقام لەدیوانی رژێمدا بوون, لەسەر حیسابی خەبات وقارەمانی وگیانی رۆڵەکانی کوردستان. ئەوانەی کە لە ژێر ناو،خوێن وفیداکاری و گیان بازی قارەمانانی گەل،بە ژیانی ئاسایی خۆیان سەرقاڵ بوون و تەنانەت دووروبەریشیان مێشێک میوانیان نەبووە لەماوەی شۆرشدا هیچ لەکەیف وسەفای خۆیان نەنا, بەوحالەش گەرەکیان بوو لەسەر خوێنی رۆڵەکانی کورد مەعامەلە بکەن بو دوارۆژی خۆیان وخانەوادە و دووروبەریان و سوارشەپۆلی خوینی قارەمانان بن.
بەڵێ نیشتمانی رەنگینمان رەنگینترە بەخوێنی شەهیدانی سوورخەڵات ،سەربەرزترە بەقارەمانیی شەهیدان و تێکۆشەرەدلسۆزەکانی ریزی تێکرای لایەنە سیاسیەکان,ئەوقارەمانا نەی تەنیا ئازادی نیشتمان وبەختەوەرە گەلیان مەبەست بوو.ئەوان دەستیان لەژیان وئاسودەیی خۆیان هەڵگرت بوئەوەی نیشتمان ئازادبێ ودانیشتوانی بەختەوەربن.
ئەم کاروانەی بە راوەستاوی و خۆراگری سەربەرزانە ماوەتەوە و درێژە بە رێگای پیرۆزی دەدا. ئای برایانی شیرینم کاک عەبدوالکەریم، کاک سالح، کاک خەلیل، ئەگەر ئێوە، لە ناومان رۆیشتن بە جەستە بەڵام بیرەوەریتان، و کرداری شۆرشگێرانەتان بۆ ئێمە وەک چۆڵە چرای رێگای تێکۆشان لە پێناو ئازادی درەوشاوەیە، قارەمانی و نەبەزیەکانتان لە مەیدانەکانی نەبەردا بۆ ئێمە هەوێنی خەبات و کۆڵ نەدانە، فەرماندەیی و لێهاتوویی کاک عەبدولکەریم، چالاکی و نەبەزیی لە مەیدانی نەبەردا، ترسێکی ئەوتۆی خستبویە دڵی دژمنەوە، کە لە کۆڕی یاراندا، لە کۆڕی هاونیشتمانان دا بەردەوام باس دەکرێ. کێ هەیە، باسی نەکا، چۆن پێگەکان و هێزو ستوونەکانی دژمن لە جێ جێی کوردستان بە فەرماندەیی کاک عەبدولکەریم و بە هاورێیی و هاورێبازانی شەهیدی چۆن لە ناو دەچوون.بەڵێ ئەم کاروانەی بە راوەستاوی و خۆراگری سەربەرزانە ماوەتەوە درێژە بە رێگای پیرۆزی دەدا، لە ئیمانی پتەو و فیداکاری و خوێنی شەهیدان و ئەوین و خۆشەویستی هاوباوەڕان بە ئازادی و رزگاریە، بۆیە رۆژ لە دوای رۆژ لە گەشە سەندن و بەرەوپێش چووندایە.گومان نیە، رێبازێک رۆڵەی نمونەی وەک کاک عەبدولکەریم حسینی و کاک سالح رەسووڵی و کاک خەلیل پاشایی و، ماموستا سەید خەلیل و ماموستا ئارام، کاک تەها سوور، کاک حسین کەریمی، کاک توفیق کەریم پوور، کاک خەلیل رەشاش، کاک عەبدواڵە هەمزە، کاک خەلیل خۆش کەلام، کاک عەتا سنەیی، کاک رەحمان قادری، کاک شاخەوان و دەیان شەهیدی نمونەیی لە سەر رژابێ، تا سەرکەوتن و رزگاری بەردەوام دەبێ.
لە 21ی خەرمانان رۆژی شەهادەتی، کاک عەبدولکەریم و کاک خەلیل پاشایی و کاک سالح رەسووڵی، ماتەم دامان دەگرێ، فرمێسک لە چاومان قەتەیس دەمێنێ، لە هەمان کاتدا، هومێدەکانمان بە ئازادی و رزگاری و بەرەو پێش چوونی جووڵانەوەی رزگاری خوازی کورد و سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران زیاتر دەبێ، چونکە قارەمانانی بەنرخ و کەم وێنە لە پێناویاندا شەهید بوون.

نووسینی : بابە شێخ حوسەینی

# شەر لەگەڵ رژێمی ئاخوندی، هەڵبژاردەی کۆتایی ئامریکایە!



ووتەبێژی وەزارەتی بەرگری عەرەبستانی سعودی رۆژی چوارشەممە 27ی خەرمانان، بە نیشاندانی پاشماوەی 18 پێهپاد و 7 موشەکی کروزی هەڵدراو بۆ دامەزراوەی ئارامکۆ، لەسەر دەوری رژێمی ئاخوندی پێداگری کردەوەو ووتی ئەو موشەکانە دروستکراوی سپای پاسدارانن و ووشەی یا عەلیان لەسەر نوسراوە. ناوبراو هەروەها ووتی: بەگشتی 25 پێهپاد و موشەکی کروز لە هێرشی دامەزراوەی نەوتی, بەقیق, و , خریص, بەکارهێنراوە. بەپێی شاهێدەکان، هێرشەکەی سەر ئارامکۆ لە یەمەنەوە نەبووە، بەڵکو لە شیمالەوە بووە. بەشەکانی سێ مووشەکی کروزی دروستکراوی رژێمی ئێران کە ئامانجەکەیان نەپێکاوە دۆزراوەتەوە.لەلایەکی دیکەوە مایک پەمپێئۆ، وەزیری دەرەوەی ئامریکا کە لە ئێستادا لە عەرەبستانە، بە سەرانی رژێمی ووت: ئەوە بەو شێوە نیە کە ئێوە بتانهەوێ بە بەکارهێنانی کەسانی تر سەرچاوەکانی ووزەی جیهانی وێران بکەن و وابزانن کە دەتوانن لەژێر باری بەرپرسیاریەتیەکەی دەربچن، هەروەها ناوبرا ئەو هێرشەی رژێمی بۆ سەر دامەزراوەی ئارامکۆ بە هەنگاوێکی جەنگی لەقەڵەم دا. ناوبراو هەروەها هۆشداری دا بە دەسەڵاتدارانی ئێران و ووتی، هەڵس و کەوتی ئاژاوەگێری و هەرەشەئامێزی ئەوان قەبوڵ ناکرێ. لەلایەکی دیکەوە دۆناڵد ترامپ سەرۆک کۆماری ئامریکا لە وەڵامی پرسیاری هەواڵنێرێکدا کە پرسیبوی، هێندێک دەڵێن قاتع نەبونی ئامریکا لەبەرانبەر رژێمدا نیشانەی لاوازی ئامریکایە؟ ووتی: نەخێر ئەوە بەو شێوەیە نیە، من وا بیر دەکەمەوە کە ئەوە نیشانەی بەهێزی ئێمەیە. ئێمە بەهێزترین سوپای دونیامان هەیە، ئەگەر مەجبور بکرێین بە ئەنجامدانی کارێک ئەوە دەیکەین، هەڵبژاردەی زۆر بوونیان هەیەو هەروەها هەڵبژاردەی کۆتاییش بوونی هەیە.مەبەستم لە هەڵبژاردەی کۆتایی دەست پێکردنی شەرە کە لە ئێستادا باسی لێوە نەکراوە. ناوبراو هەروەها ووتی: تا دو رۆژی تر گەمارۆی زیاتر و جێگەی سەرنجتر لەدژی رژێم رادەگەیەنین

# گیرانی 43 هاووڵاتی کورد لەماوەی یەک مانگدا!



لە ماوەی مانگی رابردووی زایینی دا بە دەیان هاووڵاتیی کورد بە تۆمەتی چالاکی سیاسی، مەدەنی و مەزهەبی لەلایەن دام و دەزگا ئەمنییەکانی حکوومەتی ئێرانەوە گیراون.
لە ماوەی مانگی ئاگۆستی ۲۰۱۹ (مانگی ۸ی زایینی)، لانیکەم ٤٣ هاووڵاتیی کورد لەلایەن ناوەندە ئەمنییەکانی رژێمی ئێرانەوە لە شارە جیاجیاکانی کوردستان گیراون.
هەواڵدەری هەنگاو: لەو راپۆرتەدا منداڵێک، دوو خوێندکار و مامۆستایەکی قوتابخانە لە ناو دەستبەسەر کراواندا دەبیندرێن
جیاکردنەوە بە پێی تۆمەتەکان.
جیاجیاکانی کوردستان گیراون.
هەواڵدەری هەنگاو: لەو راپۆرتەدا منداڵێک، دوو خوێندکار و مامۆستایەکی قوتابخانە لە ناو دەستبەسەر کراواندا دەبیندرێن
جیاکردنەوە بە پێی تۆمەتەکان.
چالاکانی سیاسی: ۳۹ حاڵەت کە دەکاتە ۹۰٪ ی کۆی حاڵەتەکان
چالاکی مەدەنی: ۱ حاڵەت کە دەکاتە ۲,۵٪ ی کۆی حاڵەتەکان
چالاکی کرێکاری: ۱ حاڵەت کە دەکاتە ۲,۵٪ ی کۆی حاڵەتەکان
چالاکی مەزهەبی: ۱ حاڵەت کە دەکاتە ۲,۵٪ ی کۆی حاڵەتەکان.
کۆڵبەر: ۱ حاڵەت کە دەکاتە ۲,۵٪ ی کۆی حاڵەتەکان
جیاکردنەوە بە پێی پارێزگاکان
پارێزگای سنە: ۲٤ حاڵەت
پارێزگای ئورمیە: ۱۵ حاڵەت
پارێزگای کرماشان: ۲ حاڵەت
پارێزگای ئیلام: ۱ حاڵەت
پارێزگای خوراسانی باکوور: ۱ حاڵەت.

# خۆکوشتنی شەش کەس لە شارەکانی کوردستان!




لە ماوەی رۆژانی رابردوو لانیکەم ٦ کەس لە شارەکانی کوردستان خۆیان کوشتووە
ئێوارەی رۆژی هەینی ۱۵ خەرمانانی ۲۷۱۹، مێرمنداڵێکی خەڵکی بانە بە ناوی دانا عەزیزی. تەمەن ۱۹ ساڵ بە هۆکاری نادیار خۆی فرێ داوەتە نێو بەنداوی سەردەشت و خۆی کوشتووە.
هاوکات پیاوێکی میانساڵ بە ناوی خزر سوڵتانی لە پیرانشار بە هۆکاری نادیار خۆی هەڵواسیوە.
شەوی رابردووش کچێکی مێرمنداڵ لە نەغەدە بە هۆی کێشەی خانەوادەییەوە لە رێگەی خواردنی حەب خۆی کوشتووە. هەواڵدەری هەنگاو: رۆژی چوارشەممە ۱۳ی خەرمانان، ژنێکی خەڵکی ئیلام بە ناوی سەبری ئەمینی بە هۆی کێشەی خێزانیەوە و لە رێگەی خواردنی حەبی برینج، خۆی کوشتووە.
هەروەها، رۆژی دووشەممە هاووڵاتیەک لە سەوڵاوا بە هۆی کێشەی ئابووری خۆی هەڵواسیوە و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە.
لە سەرەتایی حەفتەش لاوێکی ۲۱ ساڵان خەڵکی ئاوایی قەڵادەرەی تیکاب بە ناوی فەرشاد سەیدی بە هۆی کێشەی خزانیەوە خۆی هەڵواسیوە.

# ترامپ وتی: گەمارۆکانی سەر رژێم ئێران ،هەڵناوەشێنرێنەوە!



دۆناڵد ترامپ سەرۆک کۆماری ئامریکا، 13ی خەرمانان لە کۆنفرانسێکی هەواڵدەریدا رایگەیاند کە بە هیچ شێوەیەک گەمارۆکانی سەر رژێمی ئاخوندی هەڵناوەشێنرێنەوە. ناوبراو هەروەها ووتی؛ ئێمە کۆبونەوەیەکی جی 7ی باشمان هەبووە و هەموو ئامادەبووان لەسەر ئەوە رێکەوتین کە رژێمی ئێران نابێت هیچ جۆرە کەرەستە و چەک و چۆڵێکی ئەتۆمی هەبێت. ناوبراو هەروەها ووتیشی کە رژێم خەریکە لەگەڵ کێشەیەکی گەورە دەست و پەنجە نەرم دەکات، و خەریکن لەژێر فشارێکی گەورەی ئابوریدا دەمرن، هەڵاوسانەکانی سەریان بە رادەیێکە کە کەم کەس تا ئێستا دیتویەتی، بارودۆخەکەیان زۆر خەماوییە.

# گرتن و بریندارکردنی کرێکارە نارازیەکانی کارخانەی هپکۆ!



لە رۆژی سێیەمی نارەزایەتی کرێکارانی کارخانەی هپکۆی ئەراک دا، رۆژی سێشەممە 26ی خەرمانان، نزیکەی 30کەسیان گیراون.
دەورەی دووهەمی نارەزایەتیە سنفیەکانی کرێکارانی هپکۆ لە رۆژی یەکشەممە 24ی خەرمانان دەستی پێکردووە، ئەو کرێکارانە خوازیاری پێدانی حەقی خۆیان و روونبوونەوەی چارەنووسی بەشەکانی کارخانەکەن.
هەواڵدەری هێرانا ئاماری کرێکارە گیراوەکانی نزیکەی 30 کەس راگەیاندووە و هەروەها دەڵێت کە زیاتر لە 15 کەسیان لەکاتی شەروپێکدادانەکاندا لەگەڵ هێزە ئینتزامیەکان بریندار بوون.
ئەو سەرچاوەیە هەروەها نووسی، ئەو کرێکارانە کە بۆ دژکردەوە لەبەرانبەر نەدانی مافەکانیان، مانیان گرتووە و رێگای ئاسنیان داخستبوو، لەلایەن هێزە ئینتزامیەکانی رژێمەوە درانە بەر هێرش و لێدان... و لانی کەم 30 کەسیان گیران و زیاتر لە 15 کەسیان بریندار بوون.

# بازرگانی نێوان ئێران و ئوروپا بۆ یەک لەسەر چوار هاتۆتەخوار!



سەرژمێرییە تازەکانی کومیسیۆنی ئوروپا نیشانی دەدەن کە بازرگانی دولایەنەی 28 ئەندامی ئەو یەکێتیە لەگەڵ ئێران لە ماوەی شەش مانگی سەرەتای ساڵی رابردووی زایینی،لەپێوەند بە هاوشێوەی ساڵی پێشتر بەرێژەی یەک لەسەر چوار کەم بۆتەوە.
بازرگانی ئەو دوو لایەنە لەم ماوەیەدا گەیشتۆتە دوو ملیارد و 558 ملیۆن یۆرۆ، کە دەکاتە یەک لەسەر چواری رێژەی بازرگانی دوولایەنە لە ماوەی شەش مانگی یەکەمی ساڵی رابردوو.
بەپێی ئەو ئامارانەی کە کۆمیسیۆنی ئوروپا بڵاوی کردوونەوە، هەناردەی یەکێتی ئوروپا بۆ ئێران لەم ماوەیەدا بە دابەزینێکی 53 لەسەدی بە دوومیلیارد و 14ملیۆن یۆرۆ گەیشتووە، و هاوردەی ئوروپا لە ئێرانیش بە 93لەسەد دابەزین بە 418ملیۆن یۆرۆ دارماوە.

# کوژران و بریندار بوونی 7 کۆڵبەر لەماوەی 10 رۆژدا !.



کۆڵبەرێکی دیکە لە سنوورەکانی سەردەشت بریندار بوو و بە تۆمار کردنی ئەم حاڵەتە لە ماوەی ۱۰ رۆژدا ۷ کۆڵبەر کوژاون و یان بریندار بوون.لە رێکەوتی ۱۵ هەتا ۲۵ی خەرمانان، لانیکەم ۷ کۆڵبەر لە سنوورەکانی کوردستان بریندار و کوژراون کە ٦ حاڵەتیان بە تەقەی راستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی ئێران بووە.
رۆژی دووشەممە ۲۵ی خەرمانانی ۲۷۱۹، کۆڵبەرێکی خەڵکی سەردەشت بە ناوی "محێدین مام خدری" بە تەقەی راستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی ئێران بریندار کراوە.هەواڵدەری هەنگاو: لە رێکەوتی ۲٤ی خەرمانان، کۆڵبەرێکی لاوی خەڵکی پیرانشار بە ناوی "ئیدریس رەحیمی" کوری محەمەد بە تەقەی راستەوخۆی چەکدارانی جێگیر لە پایگای میلان گیانی داوە.
لەلایەکی دیکەوە، دوو کۆڵبەر بە ناوەکانی "محەمەد هادی زادە" خەڵکی شاری قوتوور و "ئازاد نێعمەتی" خەڵکی سەردەشت لە رێکەوتی ۲۲ و ۱۷ خەرمانان بە تەقەی هێزە چەکدارەکانی ئێران بریندار کراون.هەروەها، رۆژی شەممە ۱٦ی خەرمانان، کۆڵبەرێکی دیکەی خەڵکی سەردەشت بە ناوی "یوسف مستەفاپوور" بەتەقەی راستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی رژێم بریندار کرا.
رۆژی هەینی ۱۵ی خەرمانانیش، کۆڵبەرێکی خەڵکی پیرانشار بە ناوی "محەممەد ئەحمەدیان"بە تەقەی راستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی رژێم بریندار و کۆڵبەرێکی خەڵکی مەریوانیش بە ناوی "رەحمەت نادریان" بە هۆی رووداوی هاتووچۆوە بریندار بوون.

# بەشێک لە هەواڵ و رووداوەکانی، کوردستان و ئێران و جیهان.

## کوژران و بریندار بوونی سێ کۆڵبەر لە کوردستان.



لە ماوەی رۆژانی رابردوودا سێ کۆڵبەری خەڵکی شارەکانی ماکۆ، شنۆ و نۆدشە بە تەقەی هێزە چەکدارەکانی ئێران کوژراون یان بریندار کراون.
شەوی یەکشەممە ٢٠ی گەلاوێژی ٢٧١٩، هێزە ئینتزامیەکانی ئێران لە سنوورەکانی گوندی کانی رەشی شاری شنۆ تەقەیان لە کۆڵبەران و کاسبکاران کردووە و لە ئاکامدا کۆڵبەرێک بەناوی سەعید حەسەنپوور، تەمەن 44 ساڵ، کوژراوە.
لە لایەکی دیکەوە رۆژی شەممە ١٩ی گەلاوێژ، کۆڵبەرێکی خەڵکی نۆدشە بە ناوی "مێهدی مونفەردی"لەلایەن هێزە چەکدارەکانی جێگیر لە پایگای دزاوەر پێکراوە.
هەروەها، حەوتوی رابردووش کۆڵبەرێکی لاوی خەڵکی ماکۆ بە ناوی "رەسووڵ چیلان" لەلایەن هێزە چەکدارەکانی ئێرانەوە دراوەتە بەر دەستریژی گوللە و شان و پشتی بریندار کراوە.
هەواڵدەری هەنگاو: لەماوەی ٨ رۆژی رابردوودا ٤ کۆڵبەر لە سنوورەکانی کوردستان کوژراون و ٨ کۆڵبەری دیکەش بریندر کراون

## کۆبونەوەی مامۆستایانی خانەنشین و مامۆستایانی لەسەرکار لە ئێران و کوردستان.



رۆژی دوشەممە رێکەوتی 14ی گەلاوێژی 98، مامۆستایانی خاوەن کار و مامۆستایانی خاوەن مافی وانەوتنەوە، ئەمرۆ بۆ رۆژی دووەم بە بەردەوامی بۆ نارەزایەتی دەربرین لەبەرانبەر بەرێوەنەبردنی یاسای وەرگرتنی ئەو مامۆستایانەی مافی وانەوتنەوەیان هەیە، لە کۆمەڵێک لە شارەکانی ئێران و کوردستان دەستیان دایە گردبوونەوە و خۆپیشاندان. جێی باسە کە ئەو گردبوونەوانە لە هەریەکە لە شارەکانی تاران، ئەهواز، ئیسفەهان، تەورێز، کرماشان، سەری هەڵداوە. ئەو مامۆستایانە لە هەریەکە لەو شارانەدا بە بەدەستەوە گرتنی کۆمەڵێک تراکت و وتنەوەی دروشمی جیاواز وەک؛ مامۆستای گیراو دەبێ ئازاد بکرێ، هاوار لەدەست ئەو هەمووە ناعەدالەتیە، نە دزی و نە زیللەت، ئەوەیە دروشمی میللەت، نارەزایەتیەکانیان دەربریوە. ئەو گردبوونەوە و نارەزایەتیانە رۆژی یەکشەممە رێکەوتی 13ی گەلاوێژ لەلایەن زیاتر لە هەزاران مامۆستای خاوەن مافی وانەوتنەوە و مامۆستایانی خانەنشین لە سەرانسەری وڵاتدا سەری هەڵدا، بۆ نارەزایەتی دەربرین لەبەرانبەر مافی دانەمەزراندنیان .

## عەرەبستانی سعودی: لابردنی کۆمەڵێک یاسا و رێگری لەسەر ئافرەتان.



حکومەتی عەرەبستانی سعودی رۆژی هەینی 11ی گەلاوێژ، بۆ یەکەمجار لە یاسای وڵاتەکەیدا رێگەی بەوە دا کە ئافرەتانی تەمەن سەرو ٢١ ساڵ، بەبێ ئیزنی مێرد یاخود خانەوادەکانیان، پاسپۆرت وەرگرن و بۆ دەرەوەی وڵات سەفەربکەن .
هەواڵدەری رۆیتەرز: ئەم بریارە حکومەتیە بەمەبەستی پێداچونەوە بە یاساو بریارەکانی پێوەند بە ئافرەتان لەو وڵاتەدا ئەنجام دراوە، بەو پێیەی کە رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و چالاکانی مافی مەدەنی بەتوندی رەخنەیان لێگرتوون
بە پێی ئەو بریارە حکومەتیە، ئافرەتان لەو وڵاتە دا هەروەها بۆ یەکەمجار دەتوانن مافی تۆمارکردنی لە دایک بوونی منداڵ،ئیزدواج و تەڵاق و هەروەها وەرگرتنی مافی سەرپەرەستی منداڵی بچوک بەدەست بێنن .
محەممەد بن سەلمان، وەلیعەهدی عەرەبستان، هەر لەکاتی هاتنە سەرکاریەوە دەستی کردووە بە کەمکردنەوەی کۆمەڵێک یاسای تایبەت بە ژنان .
ساڵی رابردووش حکومەتی عەرەبستان، یاسای قەدەغەکردنی شۆفێری ئافرەتانی لابرد .
پێشتر کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و بەتایبەت پارڵمانی ئوروپا، داوایان لە عەرەبستانی سعودی کردبوو کە یاسای پێوەند بە سەرپەرەستی کردنی ژنان لەلایەن پیاوەکانیانەوە هەڵوەشێنێتەوە

## گیران و دەست بەسەرکردنی سێ هاووڵاتی شاری سنە



سێ هاووڵاتی کوردی خەڵکی شاری سنە، لە شاری دەماوەندی سەر بە پارێزگای تاران، گیران.
رۆژی دووشەممە ٢٨ی گەلاوێژ، سێ هاووڵاتی کورد بە ناوەکانی"سەیفوڵلا جەلیلی" کوڕی "ئیبراهیم"، "بەشیر حاتەمی" کوڕی "سدیق" و غەفوور یاری کوڕی غەفار، خەڵکی گوندی ئەوێهەنگی شاری سنە، لە شاری دەماوەند، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە،
گیرانهەواڵدەری کوردپا: ئەو سێ هاووڵاتییە کوردە بە تۆمەتی بەکارهێنانی جامانە لە زەماوەندێکدا لەکاتی هەڵپەرکێ و پرۆپاگەندە دژی نیزام لە بەرژەوەندیی یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی دژبەری حکوومەتی ئێران"، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە گیراون .
ئەم سێ هاووڵاتییە کوردە، پاش گیران، بۆ شوێنێکی نادیار راگوێزراون و لە چارەنووسیان هیچ زانیارییەک لەبەر دەستدا نییە .

## گیرانی دوو لاوی خەڵکی مەریوان.

دوو هاووڵاتیی کوردی خەڵکی شاری مەریوان، بەناوەکانی حەمدی ئەختەرکاوان، و شاهۆ ئەختەرکاوان، پاش گیرانیان، بۆ ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سنە راگوێزراون .
هەواڵدەری کوردپا: رۆژی یەکشەممە، ٢٣ی یووشیەر، "حەمدی ئەخترکاوان" خەڵکی گوندی "بڵبەر" لە ناوچەی هەورامان و دانیشتووی شاری مەریوان، پاش بانگهێشت بۆ ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارە دەستبەسەر و لە چارەنووسی ناوبراو هیچ زانیارییەک لەبەر دەستدا نییە .
."شاهۆ ئەخترکاوان" حەوتووی رابروو، بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری مەریوان و دواتر دەسبەسەر کرابوو
ئەم دوو لاوە مەریوانییە پاش دەسبەسەرکردنیان، بۆ لێپرسینەوە رەوانەی زیندانی ئیتلاعاتی شاری سنە، کراون .
هەتا کاتی بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە، هیچ زانیارییەک لەپێوەند بە چارەنووسی ئەم دوو لاوە کوردە لەبەردەستدا نییە .



## دیاردەی ماشین خەوی لە ئێران



دیاردەی خەوتن لەناو ماشیندا، یەکێکی دیکەیە لەو دیاردانەی کە لە ئێستادا لەناو خەڵکی ئێراندا بڵاوە، و شارەداری تارانیش ئەو حاڵەتەی پشتراست کردۆتەوە .
هۆکاری ئەم دیاردەیەش گەرێنراوەتەوە بۆ خرایی باری ئابوری و نەبوونی توانایی دانی کرێ ماڵ .
یەکێک لەو کەسانەی کە ئەم دیاردەیە بۆتە بەشێک لە ژیانی لە ئێستادا و هەروەها شۆفیری تاکسیشە، بەم شێوەیە دەدوێ؛ من لە شاری خۆمان کارم دەکرد ماڵم هەبوو ژیانی خۆمم هەبوو تۆزێک شەرایەت سەخت تر بوو مەجبوور بووم بێمە تاران بە ماشین کار بکەم. پێویستیم بەماڵ نیە چونکە خەرجی هەیە من هاتووم لێرە کار بکەم، چونکە جێگەیێکی قەرەباڵغە و خەڵک هاتووچۆ دەکەن و تا بەیانی موسافیر هەیە، ئەمنیەتی هەیە و مورتاحم. بگەمە هەر شوێنێک کە کۆتا مەسیرم بێت و ماندوو بم یارکێک دەدۆزمەوە یا لە دەوروبەری فرۆکەخانەکان یا ترمیناڵەکان و ئەو شوێنانەی کە شەوو رۆژ خەڵک هاتووچۆی تێدا دەکات، یان لە ناو ماشینەکەم دەخەوم یا لەسەر کورسی یارکەکان. بە دو سێ حەفتە جارێکیش دەچمە ماڵەوە. لە تاراندا بەم دۆخەی کە خۆیان باسیان کرد کە یەک کەس دەبێ ٨ملیۆن داهاتی هەبێ من کە توانای ئەوەم نیە ،ماشینێکم بە قیست کریوە مەجبوورم بەم ماشینە کە هەم شوێنی کارکردنمە و هەم شوێنی ژیانم، خۆم بژێنم .
هەموو شتێکم لە ناو ماشینەکەم دایە زۆر جار پۆلیس دەڵێ چی دەکەی، کارت چیە؟بۆچی وەستاوی؟ ئەو شۆفێرە تاکسیە هەروەها دەڵێت؛ رۆژێک کەسێک هات کە ریشی هەبوو لە شیشەی ماشینەکەی دا کوتی شیشەی ماشینەکە بدە خوارەوە بینیم دوو کەسی دیکەش خەریکن دێن زوو شوێنەکەم جێ هێشت و رۆیشتم، بەڵام تەئکیدم لەوەی کە دەیانویست دزیم لێ بکەن زۆر لەم شتانە پێش دێت، بەسەر خۆیشم هاتووە ئەمانە و پۆلیسیش دێت. دوو لەسەر سێی ئەو پارەی پەیدای دەکەم دەینێرمەوە بۆ ماڵەوە نە دەتوانم هاوماڵێکم هەبێ نە تاقەتی هاوماڵیم لەگەڵ کەس هەیە، هەمووی دەنێرمەوە بۆ ماڵەوە یا دەیکەمە خەرجی ماشینەکەم .

## ئوروپا پێویستە لەدژی کردەوە مەترسیدارە دەریاییەکانی رژیم یەکگرتوانە هەنگاو هەڵبگرێ .




هەواڵدەری بلومبێرگ رۆژی سێشەممە 8ی گەلاوێژ، لە سەردێری بابەتێکیدا نووسی؛ ئوروپا و ئامریکا پێویستە لەبەرانبەر هەڵس و کەوتە خراپەکانی رژیمدا یەکگرتووانە هەنگاو هەڵێنن.
لەو سەرووتارەدا هاتووە؛ وڵاتە ئوروپاییەکان کە نیگەرانی خۆیان لەبەرانبەر هەنگاوی دزینی نەوت هەڵگرێکی بریتانیای دەربریوە، بۆ پارێزگاری کردن لە کەشتیە بازرگانیەکانی خۆیان لە تەنگەی هورمز لە کەنداوی فارس، هەڵوێست، دەگرن.
ئەو هەواڵدەریە لەم سەرووتارەدا هەنگاوی ئوروپاییەکانی بە دەسپێکێکی جێگەی هیوا زانی،بەڵام پێی وایە کە بۆ کەمکردنەوەی هەڵس و کەوتە خراپەکانی رژیم و پارێزگاری کردن لە کەشتیەکان لە ناوچەکەدا، پێویستی بە هەوڵێکی نێونەتەوەیی هەیە و ئەو جۆرە هەوڵەش، پێویستی بە بەشداری هێزی دەریای ئامریکایە.

## گەرمبوونی زەوی منداڵان لەگەڵ کارەسات بەرەوروو

بە پێی راپۆرتی لێکۆڵینەوەیەکی زانکۆیی لە ملبۆرن: گەرمبوونی زەوی دەبێتە هۆی زیاد بوونی مردنی مرۆڤەکان.
لەم راپۆرتەدا ئاماژە بەوە کراوە کە ئەم کارەساتە لە چەند دەیەی داهاتوو دا، رێگە لە زیادبوونی گەشەی گونجاو، بەدخۆراکی و برسیەتی رۆژانە و کەمبونەوەی هۆشی منداڵان دەگرێت.
رۆژنامەی ئینگلیسی گاردیەن نووسیویەتی:راپۆرتێک کە بەم دواییانە بڵاوکراوەتەوە،ئاماژەی بە مەترسیەکانی گۆرانی ئاو هەوا لەسەر تەندروستی مرۆڤەکان و بەتایبەتیش منداڵان کردووە.
لەو راپۆرتەدا هەروەها ئاماژە بەوەش کراوە کە گۆرانی ئاو و هەوا لەئێستادا وەک یەکێک لە هۆکارەکانی مردنی مرۆڤەکان ئەژمار دەکرێ.
لە راپۆرتەکەدا هەروەها پێشبینی ئەوەش کراوە کە ئەم قەیرانە لە چەند دەیەی داهاتودا، دەبێتە رێگر لەبەردەم گەشەی گونجاو، برسێتی و بەدخۆراکی رۆژانە و کەمبونەوەی هۆشی منداڵان.





## محەممەد جەواد زەریف خرایە لیستی رەشی گەمارۆکانەوە!

رۆژی چوارشەممە 9ی گەلاوێژ، خەزێنەداری ئامریکا محەممەد جەواد زەریف، وەزیری دەرەوەی ئێرانی خستە ناو لیستی رەشی گەمارۆکانەوە.
کارناسان دەڵێن: ئەم خستنە ناو لیستەی گەمارۆکانی وەزیری دەرەوەی وڵاتێک، نمونەیەکی بێ پێشونەیە. ئەم بارودۆخە نیشاندەری ئەوەیە کە رژیمی ئاخوندی تا چ رادەیەک لەناو گۆشەگیرکردنی جیهانیدا نقوم بووەو هیچ رێگەیەکی هاتنەدەرەوەی نیە .
هەروەها دەرخەری ئەوەشە کە هەموو هەوڵەکانی دەزگای فریوی ئاخوندی و لابیە ماشاتگەرەکان، ئەوانەی دەیانهەوێ وا نیشان بدەن کە گوایە لایەنێک لە رژیمدا( کە زەریف نیشاندەری ئەوە) بوونی هەیە و جێگەی وتوێژە، بەتەواوی بێ کاریگەر و سوتاوە و رژیم ئیتر توانایی هیچ جۆرە مانۆرێکی شەیتانانەی لەو بوارەدا نەماوە .
ئەم بارودۆخەش زیاتر نیزامی ئاخوندی لە خاڵی مەرگ و لەناوچوونی کۆتایی لەلایەن لێدانی کوشندەی راپەرینەکانی خەڵک نزیکتر کردۆتەوە .

## کوژران و بریندار بوونی 27 کۆڵبەر لەماوەی مانگێکدا!.

لەماوەی مانگی ژوئیەدا لانیکەم ٢٧ کۆڵبەر و کاسبکار لە سنوورەکانی کوردستان کوژراون، یان بریندار کراون.
بە پێی راپۆرتێک کە ناوەندی هەواڵدەری هەنگاو بڵاوی کردۆتەوە، لە ماوەی مانگی ژوئیەی ٢٠١٩ دا، لانیکەم ٢٧ کۆڵبەر لە سنوورەکانی ئێران و کوردستان کوژراون یان بریندار کراون، کە زیاتر لە ٩٢٪ی ئەو حاڵەتانە بە تەقەی راستەوخۆی هێزە ئینتزاتمیەکانی رژیم بووە.
بە پێی ئەم راپۆرتە، لەو ماوەیەدا ٧ کۆڵبەر و کاسبکار کوژراون و ٢٠ کۆڵبەریش بریندار بوون.
شێوەی کوژران یان بریندار بوونی کۆڵبەران:
تەقەی راستەوخۆ : ٢٥ حاڵەت (٦ کوژراو و ١٩ بریندار) کە دەکاتە ٩٢٪ ی کۆی حاڵەتەکان.
کارەساتی سروشتی: ١ حاڵەت (١بریندار) کە دەکاتە ٤٪ ی کۆی حاڵەتەکان.
رووداوی هاتووچۆ: ١ حاڵەت (١ کوژراو) کە دەکاتە ٤٪ ی کۆی حاڵەتەکان.
جیاکردنەوە بە پێی پارێزگاکان
پارێزگای ورمێ: ٢١ حاڵەت (٤ کوژراو و ١٧ بریندار
پارێزگای سنە: ٣ حاڵەت (٢ کوژراو و ١ بریندار
پارێزگای کرماشان: ٣ حاڵەت (١ کوژراو و ٢ بریندار



# پەیامی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی دەستپێکی ساڵی نوێی خوێندنی 1398. 1399کۆچی خوری.

خوێندکاران و زانستخوازانی کوردستان و ئێران!
ماموستایانی بەڕێزی قوتابخانە و زانستگەکان!
ای ڕەزبەری هەموو ساڵێک، قوتابیان و زانستخوازان ساڵێکی نوێی خوێندن دەست پێ دەکەنەوەو بۆ درێژەدان بە خوێندن، بە دڵێکی خۆش و هیوا بە سەرکەوتن روو لە قوتابخانە و زانستگەکان دەکەن.

بەدەست هێنانی زانست و زانیاری بۆ منداڵ و لاوان لە هەر کۆمەڵگەیەک لەسەر ئەساسی سیستەمێکی تایبەتی پەروەردە و بارهێنان دادەڕێژرێ بەجۆرێک حەزی وەدەست هێنانی زانیاری و زانست بە کارێکی سەرەکی زانستخوازان زیاتربێ و بتوانن بەبێ گرفت و بەشێوەیەکی باش قۆناغەکانی خوێندن ببرن و ئاگایی و زانیاری کۆبکەنەوە.

بە داخەوە لە ئێراندا بە هۆی سیاسەتی هەڵەی ڕژیمی ئاخوندی دیکتاتۆرو دژی زانست، پەروەردە و خوێندکاران و قوتابیان، بەردەوام بەرەورووی کەند و کۆسپی زۆر کراونەتەوە، ئەو دەسەڵاتە خۆسەپێنە هەر لە سەرەتاوە زانستگەکانی داخست و پەلاماری خوێندکاران و مامۆستایانیدا و ڕێگەی نەدا سیستەمی پەروەردە وەک بەشێکی گرینگ بۆ پێگەیاندن و پەروەردەی نەوەکانی وەڵات دەوری خۆی ببینێ و هەوڵیداوە سیاسەتی دواکەوتووانەی خۆیان بەسەر زانکۆ و قوتابخانەکاندا بسەپێنێ، مامۆستا و ئوستادان لە قوتابخانە و زانستگەکاندا بەجێی زانستی سەردەمیانە پەرە بە بیری دواکەوتووانەیان بدەن و قوتابیان و خوێندکاران لەسەر بیری تاریک پەرەستانەی ئاخوندان بار بێنن.

لەلایەکی دیکە بێ بایەخ کردنی زانست لەلایەن دەسەڵات و پەرەدان بە بیری خورافات و دواکەوتووانەی ئاخوندان کەشێکی وەهای خوڵقاند کە خوێندکاران ئەو دڵخۆشی و ئارەزوویان نەمێنێ بۆ خوێندن و بەشێکی زۆر لە مامۆستای قوتابخانەکان و ئوستادانی بە ویژدان یان کۆتاییان بە پیشەکەی خۆیان هێنا ئامادە نەبوون بەشێک بن لە پەرەپێدانی بیری ئاخوندی.

بە درێژەکێشانی سیاسەتی دواکەوتوانەی ڕژیم بۆ دژایەتی زانست و تێکدانی سیستەمی پەروەردە، زانستخوازان و خوێندکارانی تووش کێشەی زۆر کردووە بە جۆرێک کە یان واز لە خوێندن بێنن یان ئەوەی کە لە دوای تەواو کردنی قۆناغەکانی خوێندن، نەتوانن لەسەر ئەساسی ئەو رشتە و بەشانەی خوێندوویانە، کار و پیشەیەک بدۆزنەوە و ئەوەی بۆیان خوێندووە بە کردەوە جێبەجێی بکەن و خزمەتی کۆمەڵگەی پێ بکەن.ئەو دۆخە نالەبارە بۆتە هۆی ساردبوونەوە و بێ هێواییەکی زۆری خوێندکاران، وە وای لێکردوون هەر زوو واز لە خوێندن بێنن. کێشە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکانیش بەشێکی دیکە لە فشار و کۆسپەکانی بەردەم خوێندکاران پێک دێنن کە ئەوەش بووەتە هۆی ئەوە کە خانەوادەکان نەتوانن پێداویستی مەدرەسەی منداڵەکانیان دابین بکەن و بە ناچاری لە مەدرەسە و زانستگەکانیان دەکێشنەوە.

لە ماوەی چەند ساڵی رابردوو، فشارە ئابووریەکان برستی لە خەڵکی ئێران بڕیوە، کشانەوەو وازهێنانی خوێندکاران و قوتابیان بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووە. بەپێی ئاماری ئورگانەکانی ڕژیم ساڵی 1394 کۆچی خۆری نزیک بە یەک ملوێن و 430 هەزار کەس ناونووسیان نەکردووە بۆ خوێندن، هەروەها هەر لەو ساڵەدا زیاتر لە 7 ملوێن و 135 هەزار قوتابی و خوێندکار لە تەمەنی 7 بۆ 19 ساڵ نەیانتوانیوە درێژە بە خوێندن بدەن. لە ساڵی 96.95 کۆچی خۆریدا زیاتر لە 151 هەزار قوتابی کچ لە تەمەنی نێوان 15 بۆ 16 ساڵ وازیان لە خوێندن هێناوە.

لە ساڵی رابردووی خوێندنیشدا راگەیەندرا کە ساڵانە لە ئاستی بنەرەتی (ابتدائی)دا زیاتر لە 20 هەزار قوتابی واز لە خوێندن دەهێنن.بەپێی ئاماری دەزگاکانی ڕژیم پارێزگاکانی سیستان و بەلوچستان، ورمێ، لورستان و کرمان بەرزترین ئاستی نەخوێندەواریان تۆمار کردووە.لە کاتێکدا ئورگانەکانی ڕژیم ئەو ئامارانە بڵاو دەکەنەوە کە دۆخی پەروەردە تا دێ بەرەو خراپتر و وازهێنان و بێ هیوایی بە خوێندن و بەدەست هێنانی زانست ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر پەرە دەستێنێ لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ئاخوندان.

مامۆستا و ئوستادانی بەڕێز! لە کاتێکدا ساڵی نوێی خوێندنی 1398_ 1399 دەست پێدەکەینەوە کە دۆخی مامۆستایان و ئوستادان لەژێر سێبەری دەسەڵاتی ئاخوندیدا زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە تووشی گرفت و کێشەی جۆراوجۆر دەبێتەوە، ئەو دەسەڵاتە لە هەوڵی ئەوە دایە ئێوەی بەڕێز زیاتر بەجێی زانستی سەردەمیانە زیاتر کار بۆ پەرەپێدانی بیری دواکەوتووانەی ئاخوندان لە نێو قوتابیان و خوێندکاران بدەن، ئەوەش وا دەخوازێ ئێوەی بەڕێز بە برشتر لە ساڵانی پێشوو قوتابخانە و زانستگەکان بکەنە مەکۆی بیر و زانستی ئەورۆیی و سەردەمیانە و قوتابی و خوێندکارەکانی لەسەر باربێنن و بەوەش زیاتر و باشتر بەرەنگاری بیری دواکەوتووانە و تاریکپەرەستانەی ئاخوندان بنەوە.

یەکێک لە قوربانیە سەرەکیەکانی سیاسەتی ڕژیمی ئاخوندی لە ماوەی چوار دەیەی رابردوو قوتابیان و خوێندکارانی ئێران بوون، ئەو ڕژیمە بە سیاسەتەکانی خۆی سیستەمی پەروەردەی بەرەو ئاقارێک بردووە کە بەجێی ئەوەی ڕۆڵەکانمان بۆ داهاتوویەکی باش و پرشنگدار بەرێ، تووشی نائومێدی لە زانست و دوور خستنەوەیان لە پێویستی فێر بوونی زانست و ئاگایی بۆ بەرەوپێش بردنی کۆمەڵگە و دابین کردنی داهاتوویەکی گەش بۆ تاکەکان کردووە.

هەر بۆیە پێویستە ئێوە بە پێچەوانەی ویستەکانی ڕژیم، هەوڵی تەواو بدەن بۆ ئەوەی زانستی سەردەمیانە فێربن و بە پاراستنی زمان و فەرهەنگە نەتەوەییەکانی خۆتان ببنە دایناموی پێشخستنی کۆمەڵگەکەمان.

بێ شک کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو بە پەروەردە و تاکی خوێندەوار و خزمەتگوزار وەدی دێ هەر بۆیە وەڵاتی ئێران لە دوای چل ساڵ سیاسەتی بزرکاندن و هەڵتەکاندنی هەموو بەهاکان بەتایبەت پەروەردە، پێویستی بە ئاڵوگۆڕێکی بنەرەتی سازگار لەگەڵ دوونیای ڕۆژ و سیستەمی پێشکەوتووی پەروەردە کە لەگەڵ ستانداردە جیهانیەکاندا بێتەوە.

بەبۆنەی ساڵی نوێی خوێندنەوە پیرۆزبایی گەرم بە قوتابیان و خوێندکاران و زانستخوازان پێشکەش دەکەین و هیواداین لەم ساڵی خوێندنەشدا ئێوەی بەڕێز بتوانن بە ترۆپکی سەرکەوتن بگەن.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران
کومیتەی ناوەندی
28ی خەرمانانی 1398 کۆچی خۆری.

# بەڕێوەچوونی سیمیناریک بۆ ریکخراوی لاوانی خەبات، لە بارەگای ناوەندی سازمانی خەبات،ی کوردستانی ئێران.








دوانیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممە نۆزدەی سیپتامبری دوهەزارو نۆزدەی زایینی ، کاک ڕێبوار حوسەینی ئەندامی دەفتەری سیاسی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران ،بە مەبەستی تاوتوێ کردنی چەندین بابەتی ڕۆژ و جۆنیەتی کارکرد و سەرلەنوی ریکخستنەوەی ئەرک و پێسپێردراوە هەنووکەیەکان و دامزراندنی هەیئەتیکی بەڕێوەبەری بۆ بەڕێوەبردنی ڕێکخراوەکە و بەرەو پێشبردنی ئەرک و چالاکیەکانی، کۆنفرانسیکی لەبارەگای ناوەندی سازمان خەباتی کوردستانی ئێران ، بەڕێوەبرد. ناوبراو سەرتا لەسەر زەرورەتی چالاک بوونی لاوان لە بوارەکانی سیاسی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و خۆ سازدان بۆ رووبەروو بوونەوە لەگەڵ هەر پێشهات و هەل ومەرجیکی سەردەم کە پێوەندی بە خەبات و ڕەوتی زانستیانەی ئەم قۆناغەی بزاڤی گەلەکەمانەوە هەبێت، باسێکی تێر و تەسەلی پێشکەش کرد. پاشان سەبارەت بە ئەرک و مافی لاوان و هەوڵ بۆ خۆ تەیار کردن بە زانست و ئاشنا بوون بە کار و باری سیاسی و خۆ گونجاندن لەگەڵ ڕەوتی پێشکەوتنخوازی و خۆ پێگەیاندن و باوەڕ بوون بە ماف و ئازدیەکانی نەتەوە و نیشتمان قسەی بۆ لاوەکانی ئەندام لە ریکخراوی لاوانی خەبات کرد.

کاک ڕێبوار لە درێژەی قسەکانی دا تیشکی خستە سەر ئەو بابەتەی کە دەبێ لاوەکان بە تایبەت لاوانی ناو ریزەکانی سازمانی خەبات کە لە ریکخراوی لاوانی خەبات دا جێگیرن و سەرەڕای بەڕێوەبردنی ئەرکی رۆژانەیان، دەبێ بەردەوام لە هەوڵی خۆ تەیار کردن بن و لە ڕێگای خویندنەوە و پرسیار کردن و کۆکردنەوەی زانیاری لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و خویندنەوەی پەرتووک و گوێ گرتن لە هەواڵ و رووداوەکان ، بەردەوام لە هەوڵی داهێنانی پرۆژە و پرۆگرامی تازەدا بن وپێوەندی دۆستانە و هاوباوەڕیان لەگەڵ خۆیان و خەلکی تر هەبێ و متمانە بە خۆیان و باوەر بە ڕێبازیان و فیداکاری و خۆشەویستی و وەفاداریان بۆ نەتەوە و نیشتمان لە سەر ڕێباز و خەت و ستراتیژی سیاسی سازمانی خەبات بکەنە بەردی بناغەی بیرکردنەوە و کردەوەکانیان و بەو پەڕی ئەمانەتداری و دەست و دڵپاکی وبە ئەخلاقێکی شۆڕشگێرانە بەرەو ئامانج و ئاواتەکانیان هەنگاو هەڵگرن.نموونەی کەسایەتیکی خەباتی و خەمخۆری ڕێبازی شەهیدان بن و لە راستای وەدی هاتنی ئاواتی گەل دا لاوانی خوێن گەرمی کوردەواری بە هەردوو رەگەزی نێر و مێوە لە دەوری ریکخراوەکەیان کۆوەکەن و لە پێناو خزمەت بە بزاوڤی رەوای نەتەوەکەمان تێیان بگەینن و باریان بهێنن.

دوابەدوای ئەو باس و خواسانە، ناوبراو لە پێناو هەرچی کاراتر کردنی ڕێکخراوەکە وچۆنیەتی بەڕێوەبردنی کار و چالاکیەکانیان، چەندین ڕێکار ورێنومایی پێویستی خستە بەردەم ئەندامانی ریکخراوی لاوان کە لەلایەن بەشداربووانی سیمینارەکەوە پێشوازیان لێکرا و بە هیند وەرگیران.لە کاتیک دا کە کۆڕ و سیمینارەکە لە ژینگە و هەوایکی زۆر سەمیمانە و هاوڕێیانەدا بە ڕێووەدەچوو، چەندین باس و بابەتی پێوەندیدار لەلایەن چەند کەس لە بەشداربوانەوە هاتنە ئاروە و بە تێر و تەسەلی قسەیان لەسەرکراو و بەشدار بووان تێبینی و بۆچوونی خۆیان خستە روو.دوابەدوای ئەو باس و بابەتانە کاک ڕێبوار بۆ بەڕێوەبردنی ریکخراوی لاوانی خەبات تا کاتی کۆنگرە، پێشنیاری بە ئەندامانی کۆنفرانسەکەکرد کە هەیئەتێکی بەرووبەری بۆ ئەم ئەرکە هەڵبژێردرێ و بە ڕێوەبردنی ریکخراوەکەیان پی بسپێردرێ، کە بە تێکرای دەنگ لەلایەن بەشداربوانەوە پەسەند کرا و دەستەیکی بەڕێوەبەری پینج کەسی هەلبژێدران .

# راپۆرتێک لەسەر باروۆخی 7 ژنی کورد لە زیندانەکانی رژێمدا!



لانی کەم حەت ژنی کورد بە تاوانی چالاکی سیاسی و مەدەنی، ئێستا لە زیندانەکانی ڕژێم لە شارەکانی سنە و خۆی بەسەر دەبەن.هەواڵدەری هەنگاو: ئەو حەوت ژنە چالاکوانە کوردە کە بە تاوانی چالاکی سیاسی و مەدەنی گیراون، بریتین لە:_ زێنەب جەلالیان
زێنەب جەلالیان تەمەنی 37 ساڵە و خەڵکی دێهاتی ماکۆیە، لەساڵی 1387 بەتاوانی ئەندامەتی لە پژاک دا گیراوە. ناوبراو سزای زیندانی هەتا هەتای بۆ دەرکراوەو لە ئێستادا لە زیندانی ناوەندی شاری خۆی زیندانیە.
2_ سەحەر کازمی خەڵکی سنەیە، لەریکەوتی 18ی گەلاوێژی 1397وە لەلایەن هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی سنەوە گیراوە و دواتر لەلایەن دادگای ئینقلابی ئەو شارەوە سزای 20 مانگ زیندانی بۆ دەرکرا. ناوبراو لەئێستادا لە زیندانی ناوەندی سنە زیندانیە.
3_ سیما موورادی خەڵکی سەڵماسە، لەمانگی سەرماوەزی ساڵی 1397 وە لەلایەن هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی سەلماسەوە گیراوە، ناوبراو لە مانگی بەفرانباری هەمان ساڵەوە بەتاوانی هاوکاری لەگەڵ 5_ ئێران راهپەیکەر خەڵکی مەریوان و تەمەنی 33 ساڵە، ڕۆژی سێشەممە 24ی بانەمەری 98 لەلایەن هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی مەریوانەوە و لەکاتی گەرانەوە لە هەرێمی کوردستان گیراوەو لەوکاتەوە لە زیندانی شاری سنە زیندانیە. 6_ زارا محەممەدی تەمەنی 28 ساڵە و هەڵکی دێهگولانە، ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی 2ی جۆزەردانی 98، لەلایەن هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی سنەوە گیراوەو بەتێپەرینی 3 مانگ لە گیرانی نادیار، لەئێستادا لە زینداندا راگیراوە.
7_ پەروین ئیدوایی خەڵکی سەروئاباد و دانیشتوی شاری مەریوانە، ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی 5ی گەلاوێژی 98، لەلایەن هێزەکانی ئیدارە ئیتلاعاتی مەریوانەوە گیراوە و لەوکاتەوە چارەنوسی نادیارە.

لاوانی ئەمڕۆ،بەڕێوەبەرانی دوا ڕۆژی نەتەوە و نیشتیمانن،هەوڵ بۆ پەروەردە و پێگەیاندنیان ئەرکی بەڕێوەبەرانی ئەمڕۆیە!

# بەشداری سازمانی خەبات لە کۆنفرانسی ،، ئێرانی داهاتوو،، لە شاری نیوێۆرک.

لەشاری نیوێۆرک، کۆنفرانسێکی بەرین لە ژێر ناوی "ئێرانی داهاتوو" بەڕێوەچوو. ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢ی ڕەزبەری ١٣٩٨ی هەتاوی کۆنفرانسێکی فراوان بە ناوی ئێرانی داهاتوو بەڕێوەچوو. لەسەر بانگهێشتی فەرمی بەڕێوەبەرانی ئەو کۆنفڕاسە هەیئەتی سازمانی خەبات پێک هاتوو لە کاک جەلالی خۆشکەلام ئەندامی دەفتەری سیاسی و کاک عەلی بەهرامی ئەندامی کومیتەی ناوەندی سازمانی خەبات بەشداریان کرد. ئەو کۆنفڕانسە بە مەبەستی نزیکردنەوەی هێزو لایەنە سەرانسەری و ناوچەیەکان لەسەر ئەساسی پلاتفۆرمێکی هاوبەش بۆ بەڕێوەبردنی ئێرانی دوای ڕیژیمی ئاخوندی. لەکۆنفڕانسەکەدا سەرەتا بەڕێز سەفیر مارک ولسن وتەیەکی پێشکەشکرد و وێڕای بەخێرهاتنی بەشداران ئامانج و هەدەفی کۆنفڕانسەکەی بۆ ئامادەبوان بە وردی خستە بەر باس. پاشان ڕودی جولیانی پارێزەری تایبەتی سەرۆک کۆماری ئەمریکا و پارێزگاری پێشووی نیوێۆرک ووتەیەکی پێشکەش کردوو تێیدا ئاماژەی بە پێویستی ڕووخانی ڕژێم و یەکریزی تێکڕای ئازادیخوازان و هێزە تێکۆشەرەکان لە ئێران دا کردو ئاماژەی بەوە کرد کە دەبێ ئێرانی داهاتوو ئێرانێکی دیموکراتیک بێ و تێکڕای نەتەوەو ئاینەکان بەمافەکانی خۆیان بگەن. لەدرێژەی کاری کۆنفڕانس دا نوێنەری نەتەوەکانی ئێران ووتاریان پێشکەش کرد و تیشکیان خستە سەر زوڵم و زۆرەکانی ڕژیمی ئاخوندی و داوا نەتەوەییەکانی خۆیان لە ئێرانی داهاتوودا. پەیامی کاک باباشێخ حسینی بۆ کۆنفڕانس لایەن کاک عەلی بەهرامیەوە خوێندرایەوە. لە پەیامی سکرتێری گشتی سازمان دا سەبارەت بە سیاسەتەکانی ڕژیم لە کوردستان هاتبوو: لەدوای داگیرکردنی کوردستان لەلایەن هێزە سەرکۆتکەرەکانی ڕژیمی ئاخوندی ئەو ڕژیمە سیاسیەتی جیوازی دانان و سەرکوتی لە کوردستان جێ بەجێکردوە، کە لەماوەی ٤٠ساڵی ڕابردوودا خەڵکی کوردستانی ئێرانی تووشی ڕەنج و کوێرەوەریەکی زۆرکردوە. هەر جۆرە داوا و نارەزایەتیەکی ئاشتیخوازانە بەتوندترین شێوە سەرکوت دەکا. ڕژیمی ئێران کوردستانی بەتەواوی میلیتاریزە کردوە و هێزەکانی لەزۆر ناوچەی جۆراوجۆر جێگیر کردوە. سیاسەتی دژ بە کورد و شەڕی مەزهەبی و فەرهەنگی، سەرکۆنەو جیاوازی دانانی خەڵکی کوردستانی جێبەجێ کردوە. لە درێژەی پەیامەکەی کاک باباشێخ دا هاتبوو کە: سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران لەماوەی ٤٠ساڵی ڕابردوودا لە هەموو بارەکان و بەپێی توانا دژ بەڕژیمی دیکتاتۆری ئاخوندی خەباتی کردوە، وە لەو باوەڕەدا بوە کە تەنیا ڕێی ڕزگاری خەڵکی کوردستانی ئێران لە ڕوخانی یەکجارەکی تێکڕای پێکهاتەی ئەو ڕژیمەیە. هەربۆیە وتوێژی لەگەڵ ڕژیمی نامەشروعی ڕەت کردۆتەوە و بە زیان بۆ خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستانی ئێران دەزانێ. کاک باباشێخ لە پەیامەکەی خۆیدا سەبارەت بە هاوکاری و یەکێتی هێزە کوردستانیەکان بۆ کۆنفڕانسی ئێرانی داهاتوو نووسیبوو کە: سازمانی خەبات هاوکاری و دۆستایەتی و یەکێتی لەگەڵ هەموو هێزە کوردساتنیەکان بە ئەرکێکی پێویستی و حەیاتی لە ڕەوتی ئازادیخوازانەی خەڵکی کورد و تێکڕانی خەڵکی ئێران دەزانێ و لەو بڕوایەدایە کە هێزە کوردستانیەکان تەنیا بە یەکێتی و یەکپارچەیی دەتوانن بە ئامانجەکانیان لە ئێران دا بگەن.هەروەها سازمانی ئێمە لەو بڕوایەدایە بۆ زیاتر فشارخستە سەر ڕژیمی ئێران و ڕووخانی یەکجارەی ئەو ڕژیمە دیکتاتۆرە یەکێتی هاوکاری لەنێوان سازمان و لایەنە ئێرانی و کوردستانیەکان پێویستیەکی حاشا هەڵنەگرە و هەمووان دەبێ لە سەنگەرێک دا دژ بەو ڕژیمە چالاکی بکەین و هەموو وزەی خۆمان لە پێناو ڕووخانی دەسەلاتداری ئاخوندی دا بەکاربێنین. لە بەشێکی دیکەی پەیامەکەی کاک باباشێخ دا تیشک خرابوە سەر دۆخی ڕژیم و هاتبوو: لە کاتێکدا ئەو کونفرانسە بەرێوەدەچێ کە ڕژیمی ئاخوندی لە دۆخێکی سەخت و دژواردایە، کە بە سیاسەتە نامەسئولانە و نادروستی هەوڵی دروسکردنی چەکی کۆکوژ، ناوکەیی و موشەکی داوە و ناوچەکەی خستۆتە مەترسیەوە. سیاسەتی شەڕەنگێزی و دەستێوەردانی ڕژیم لە کاروباری ووڵاتان بۆتە هۆی ئەوەی ئەمریکا فشار و گەمارۆی بخاتە سەر وئەو دەسەڵاتە گۆشەگیر بکا و لەباری ئابوریەوە تووشی داڕمانیان بکا.

لە پەراوێزی کۆنفڕانسەکەدا هەیئەتی سازمان لەگەڵ چەندین کەسایەتی ئەمریکای وەک سەناتۆر جۆزیف لیبەرمان وە سەفیر مارک ولسن وە چەندین کەسایەتی و چالاکی سیاسی ئێرانی وەک ئەندامانی شۆڕای میلی مقاومەت و نوێنەری هێز و لایەنە سیاسیەکانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران دیدارو چاوپێکەوتنیان کرد.









## پەیامی سەرەخۆشی کاک بابەشێخ حسێنی بەبۆنەی فەوتی مامۆستا مەلا مستەفا تەوحیدی



بە بۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا مەلا مستەفا تەوحیدی( پیاوێنی ) سەرەخۆشی بە کەس و کاریی، خەڵکی ناوچەی بانە و سەردەشت و هۆگرانی ریزەکانی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران ڕادەگەیێنم.

مامۆستا مەلا مستەفا پیاوێنی کەسایەتێکی تێکۆشەرو نیشتمان و نەتەوە خۆشەویست و دژمن بە ستەمکاران و داگیرکەرانی کوردستان بوو. لە دوای فەرمانی جیهادی خومەینی دژ بە خەڵکی کوردستان ولە سەرەتای هێرشی پاسداران و هێزە بەکرێگیراوەکانی بۆ سەر کوردستان، مامۆستا مەلا مستەفا چەکی پێشمەرگەیی و دیفاع لە کوردستانی لە شان کردو لە ریزی هێزی پێشمەرگەی سازمانی خەبات وەک فەرماندەیێکی ئازاو بە هیممەت لە چەندین شەڕی بەرچاوداو، بەتایبەت لە مقاومەت و شەری 3 سێ مانگەی شاری بانە وەک یەکێک لە فەرماندە لێهاتووەکان بەشداری کرد. جێگەی خۆیەتی لە دوای ئازادی نیشتمانیش ڕێزو وەفامان بۆ تێکۆشانی دڵسۆزانەی مامۆستا مەلا مستەفا هەبێ و یادی بەرزو بەڕێز ڕابگرین. جارێکی دیکە سەرەخۆشی خۆم و تێکرای هۆگرانی ڕێبازی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران بە کەس و کاری ڕادەگەینم.

بابەشێخ حوسەینی، سکرتێری گشتی سازمانی خەبات ،ی کوردستانی ئێران.

## لەمانگێک دا نزیکەی ٢٠کۆڵبەر لە کوردستان، کوژراون و بریندار بوون!



لەماوەی مانگی گەلاوێژدا، لانی کەم پێنج کۆڵبەر بە تەقەی هێزە ئینتزامیەکانی رژیم کوژراون، و نزیکەی پانزە کۆڵبەری تریش بریندار بوون . شەوی چوارشەممە ٣٠ی گەلاوێژی ٢٧١٩، کۆڵبەرێکی خەڵکی شنۆ بە ناوی ”ناسر نووری“ بە تەقەی هێزە چەکدارەکانی حکوومەتی ئێران بریندار کراوە. ئەو کۆڵبەرە لە بەرزاییەکانی کێلەشین کراوەتە ئامانج و بە مەبەستی چارەسەریی پزیشکی ڕەوانەی ناوەندە دەرمانییەکانی شاری نەغەدە کراوە . هەواڵدەری هەنگاو: بە ئەژمارکردنی ئەم حاڵەتە، لەماوەی مانگێکدا لانیکەم 20 کۆڵبەری کورد بریندار و کوژراون .

## « سبەی هەمووومان »

کورتە چیرۆکێک لە نووسینی:

ز ـ خەبات .



ساعەت دوانزەی نیوەڕۆیان زووتر یان دواتر ئەوی بینیبوو، ئەویش ئەوانی تری دیبوو، یەکتریان بینیبوو، زۆر بوون، ببوونە چەند دەستە و تاقمێک و هەر دەستەیەک کارێکی کەوتبووە ئەستۆ. ئەبوایە سبەی لە فەلەکەی مورووەتی کۆببونایەوە، بڕیاریان دابوو ئەمجارەیان زیاتر لە جارانیش کارەکە توند بگرن، بۆ ئەوەی حەرەکەتێکی جیدی و مەدەنی پێک بێنن، ئەمیان چووبوو لەسەر پارچە دروشمی نوسیبوو: ئازادی، ئاسایش و چەند شتێکی تر. ئەویان چوو بوو لەگەڵ هاوڕێکانی لەشارەکانی تر پەیوەندی بگرێ، ئەمیش بەیاننامەیەکی نوسیبوو کە توند و تیژی و کوشتارەکەی ئەم دوایەی ئیدانە کردبوو ... نوسیبووی: .. ... ئێمە بەم کارە مەدەنیە خەڵک بۆ لای کۆمەڵگەیەکی دور لە توند و تیژی و کاری نامرۆڤانە هان ئەدەین ... ، راو بۆچوونی رفیقەکانی پرسیبوو و دوایی نوسیبووی: ... کاسبکار بە قاچاخچی و نووسەر بە نۆکەری بێگانە ئەزانن، ئەمە خۆ دزینەوەیە لە داخوازیەکانی خەڵک ...، دوایی پێی زیادکردبوو کە ...گرینگی پێدان بە مافەکانی مرۆڤە کە ئەم نارەزایی دەربڕینە جەماوەریەی پێک هێناوە. ئەورۆژە یەکێکیان هەر بەدوای وەرگرتنی ئیجازەی رەسمیەوە بوو، وتبوویان بە بێ ئیجازەش هەر دێین، دوای ئیجازەکە چووبوون وێنەی کوژراو و دەستگیرکراوەکانیان چاپ کردبوو، بڕیاریان دابوو هەرشتێک روبدات کارەکەیان لەجێ و کاتی خۆیدابەڕێوە بچێت و هاوکات هەواڵ و وێنەکان بۆ رۆژنامە و رایەڵەجیهانیەکان بنێرن. مۆبایلەکانیان ئامادە کردبوو وێنەکانی ئەورۆژە هەڵگرن. ئەم ئێوارە چووبووە دەر، هەستی بە حیماسەتێکی پیرۆز کردبوو. وای هەست دەکرد کە میتینگی سبەی لە چاوی هەموو ئەو کەسانەی بە سەر شەقام و پیادەڕۆکاندا ئەڕۆیشتن رەنگی دابۆوە. بە پەنا یەکترا رۆشتبوون و چاویان لێک تروکاندبوو و بەسرتە بەیەکتریان وتبوو: سبەی هەمووومان... یان پێی وابوو وتویانە. دوبوو بەتەلەفۆن و بە چەتکردن بەیەکتریان وتبایە: دوکانەکان دائەخەین، کەس ناچێتە سەرکار، تاکسیەکان کار ناکەن، کەس ناچێتەوە بۆ فێرگەکان، هەموو دێینە دەرەوە... هەمووومان سبەی ... تا دوا ئێوارەش دابوا هەمووان لە جوڵە دابوونایە، شەویش بە تەلەفۆن سبەینێیان بیری یەکتر بێنایەوە. ... لەبیری ئەوەدا بوو سبەی لە کوێوە دەست پێ بکات، بەجێی بەرئاوردی نرخی ئەو ماڵانەی لە شوێنی کارەکەی نەخشەکەی کێشابوونەوە، کارەکانی سبەی ئەنووسی. بە حیماسەتەوە بەیاننامەکەی دەور ئەکردەوە، ئەیزانی سبەی زۆر سەخت و تاقەت پڕوکێن ئەبێ، خێزانی دەمێک بوو خەوی لێ کەوتبوو. بەیانی ساعەت حەوت ئەبوایە لە خەو هەستایە، ساعەتە چکۆلەکەی داگرتبوو و عەقرەبەکەی لە سەر حەوت راگرتبوو . ... خێزانی زەنگی ساعەتەکەی بێدەنگ کرد. چەند جار بانگی کرد، هەستا و خەوتەوە، لە هەشت و نیو لای دابوو، بە پەلە پەرداخێک شیری خوارد و چووە دەر، تاکسیەکی راگرت، شۆفێرەکە گوێی لە لایت موزیکێکی هێواش گرتبوو، بۆنی ئۆدکلۆن و عارەقی تێکەڵ ببوو. پێش ئەوەی بگاتە شیرکەت چوو سەنگەکیەکی بۆ ناشتای خۆی و هاوکارەکانی لە شیرکەت کڕی. لە سەر کار ئەتووت شتێکی لێ وون بووە ناو کشاو و فایلەکان ئەگەڕا. بە هاوکارەکانی ئەوت کە ئەو ئەبێ ئەمرۆ چی بکا کە لەبیری چۆتەوە، هەمووان شانیان هەڵئەخست کە دیار بوو نازانن ئەوە چ کارێکە، بە خۆی ئەوت ئەبێ ئەمرۆ قەرزی کێ بداتەوە؟ یان ئەبێ بچێت بۆ کام مزگەوتە بۆ سەروخۆشی؟ رەنگبێ ئەوانی تریش نیگەران بوون. یان کاروباری شیرکەت گێژ و وڕی کردبوون.لا12ی نیوەڕۆ یان زووتر یان دواتر بوو خێزانی تەلەفۆنی بۆکرد و وتی شەو میوانیان دێ. نیوەڕۆ لیستێکی لە خێزانی کە هەندێک کەل و پەلی تیا نوسیبوو وەرگرت، بەپەلە نانێکی خوارد و چووە دەرەوە، شتێکی لەبیر چووبوو یان شتێکی پێ نەبوو. وابوو، بیری هاتەوە، کارتی عابر بانکەکەی بە براکەی بوو، ئەویش نە لەماڵی باوکی بوو و نە مۆبایلەکەی بەرزکردبۆوە.تا ئێوارە بۆ دە شوێن زیاتر چووبوو، پێی عەیب بوو ئەگینا لە کەسێک تا بەیانی چەند هەزار تمەنێکی وەرئەگرت، لە خیابانەکەدا سەرو خواری ئەکرد. سیما و باڵای ئەو کچانەی هەموو دەمەو ئێوارەیەک شەقامی بیمارستان و گەڕەکی سەروویان ئەپێوا گرفتەکەی لە بیر بردبۆوە. لەدەوری فەلەکەکە وێستابوو. چەند مەئمورێکی پۆلیسی دی، ئەتووت بینینی ئەو مەئمورانە ئەبێ شتێکی بیر بخاتەوە، وەکوو چی ؟ لیست، لیستی کەل و پەلەکە. براکەی لە گەڵ چەند هاوڕێیەکیدا لە پرایدێک دابەزین و دەم بە پێکەنین بەرەورووی هاتن.گەشایەوە، بەپەلە کارتەکەی لێ وەرگرت و رۆی. سەیری لیستەکەی ئەکرد و بەشوقامەکەدا ئەهاتە خوار ...

خوێنەری بەرێز و خوێن شیرینی تێکۆشان!
تێکۆشان وەخوێنە، لێی ورد وەبە و تێیرامێنە،بابەتەکانی هەڵسەنگێنە و لە شەن و کەویان بدە و کاکڵە و دانەی دەربێنە،بە ربەی رەخنە و تیبینی بێ پێوە و چەقڵ وچەوەڵ و چەوتی و چەوێڵی و هەڵەکانیمان پێراگەێنە. بێگومان بە بژار و ناوکۆڵ کردنی ئێوەی ئایز، لە دێبەری تیکۆشان دا، بەر و بەرهەمی باش و بە سوود رەنیو دێت!.

**پێویستی یەکگرتن وهاوهەڵوێستی لایەنە سیاسیەکانی کوردستانی ئێران لەم هەل و مەرجە دا لە هەموو دەم زیاتر خۆی دەنوێنێ**

ئادرەس و ژمارە تەلەفونی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران .

تەلەفون:
پێوەندی سلێمانی: 009647724464994
پێوەندی هەولێر: 009647506487209
کومیتەی ناوەندی: 009647504497138

Email: sazmanikhabat@hotmail.com
http://www.sazmanixebat.org
www.facebook.com/sazmanixebat
htt//www.lawan.info http://www.khabatmedia.com
telegram /sazmanixebat www.facebook.com/lawanixebat

The Organ of Central Committee The Organization Struggle of Iranian Kurdistan

# یادی ٥ی خەرمانان لە وڵاتی نۆروێژ، بــەرز راگیــــرا!

لە وەڵاتی نۆروێژ 5ی خەرمانان یادی 39هەمین ساڵرۆژی دامەزرانی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران بەرز ڕاگیرا.
رۆژی شەممە 30ی خەرمانانی 1398ی هەتاوی، بەبۆنەی 5ی خەرمانان یادی 39هەمین ساڵرۆژی دامەرزانی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، بە بەشداری بەرێز کاک بابەشێخ حوسێنی سکرتێری گشتی سازمانی خەبات رێورەسمێکی بەشکۆ لەلایەن کومیتەی نۆروێژی سازمان و بەشداری ژمارەیەکی بەرچاو لە دۆست و ئەندامان و رەوەندی کوردی لە نۆروێژ بەرێوەچوو.
سەرەتای رێورەسمەکە بە سرودی ئەی رەقیب و دەقیقەیەک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێ کرد. پاشان پەیامی کومیتەی نۆروێژی سازمان لەلایەن کاک عەبدولا قادری بەرپرسی کومیتەوە پێشکەش کرا. لە پەیامەکەی کاک عەبدولادا وێرای بەخێرهاتنی بەشداران، ئیشارەی بە پێنجی خەرمانان کرد و وتی: 5ی خەرمانان یەک لەو رۆژە درەوشاوانەی مێژووی خەباتی نەتەوەکەمانە، کە تیایدا سازمانێکی نەتەوەیی و نیشتمانی بە رێبەرایەتیەکی فیداکار، شۆرشگێر، بە ئەزمون و جیددی پێی نایە مەیدانی خەباتی رزگاریخوازانەی کورد لە کوردستانی ئێران.
رێبەر و رێبوارانی سازمانی خەبات کە لە رایەرینی جەماوەریی دژ بە رژیمی بنەماڵەی پەهلەوی بەشێوەی ئاشکرا و نەپساوە لە مەیداندا بوون و بەبێ سڵ کردن لە هەر مەترسیەک و دانی هەر نرخێک بۆ وەدیی هێنانی مافە نەتەوەیی و سیاسیەکانی کورد تێکۆشاون، لە دوای روخانی دەسەڵاتی پەهلەوی و دزینی بەری رایەرینی جەماوەری ئێران لەلایەن خومەینی هاوبیرانیەوە، مامۆستا سەید جەلال حوسەینی و هاورێکانی لە دەفتەری مامۆستا شێخ عزەدیندا درێژەیان بە خەباتی سیاسی خۆیاندا و هەموو هەوڵێکیان بۆ پارێزگاری لە نیشتمان و چەسپاندنی مافەکانی کورد لە سیستەمی تازەدا وەگەرخست. پاشان بەرێزیان باسێکی لەسەر مێژووی سازمانی خەبات و هەڵوێستە نەتەوەییەکانی سازمانی خەبات کرد و گوتی: لە دوای ئەوەی خومەینی و رژێمەکەی کەوتنە بیانووگرتن بە خەڵکی کوردستان و سەلماندیان کە باوەریان بە مافی کورد نیە و هەر داوایەکی گەلی کورد بە لەشکەرکێشی و پەلاماری درندانە جواب دەدەنەوە، مامۆستا سەید جەلالی نەمر کەوتە رێکخستن و پۆشتەکردنی هێزی پێشمەرگە بۆ بەرەنگاریی هێزەکانی دژمن. لە دوای فتوای نارەوای خومەینی بۆ سەر کوردستان، هێزی پێشمەرگەی دەفتەر بە سەرکردایەتی مامۆستا شێخ جەلال بریاری خۆراگریان دا و لەماوەی شەری سێ مانگەدا لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان چەندین داستانی قارەمانانەیان تۆمارکرد کە دەکرێ ئیشارە بە، جەنگەکانی قەرەجیاواى سەقز، کامیاران، تیلەکۆ، کەلی خان، ناوچەی بۆکان و داستانی کەم وێنەی 10ی خەزەڵوەر بکرێ کە تیایدا هێزی پۆڵایینی پێشمەرگە شکستێکی گەورەی بە هێزەکانی دژمن داو بووە هۆی پاشەکشە و راگەیاندنی ئاگربر لەلایەن خومەینی و رژێمەکەیەوە.
لەدوای رووداوەکانی ساڵی 1359ی هەتاوی مامۆستا سەید جەلال و هاورێکانی بیریان لە دامەزرانی سازمانێکی نەتەوەیی و نیشتمانی کردەوە کە وەڵامدەر بێ بۆ هەلومەرج و دۆخی ئەوکاتە و بتوانێ زۆرترین هێز و پتانسیەلی کۆمەڵگە لە راستای خزمەتی پرسی نەتەوەیی کورد کۆبکاتەوە و بە بەهێزەوە بەرەنگاری هێزە داگیرکەرەکانی رژێمی خومەینی بنەوە.
لە 5ی خەرمانانی 1359ی کۆچی خۆری، سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران بە رێبەرایەتی مامۆستا سەید جەلال بوونی خۆی راگەیاند و کەوتە چالاکی سیاسی و پێشمەرگانە لە شار و ناوچەکانی کوردستان، وێرای هەموو کەندو کۆسپەکانی بەردەم کار و چالاکی سازمانی خەبات، بەهۆی پێشەوایی و رێبەرایەتی حەکیمانەی مامۆستای نەمر مامۆستا سەید جەلال، سازمان توانی سەرکەوێ بەسەر کێشەکان و تووشی هەڵە و پەڵەی سیاسی و نەتەوەیی نەبێتەوە.
یەکێک لە سەروەریەکانی سازمانی خەبات بەرەنگاریی و بەرەورووبوونەوەی سەرسەختانەی رژێمی داگیرکەری ئاخوندیە کە لە ماوەی چوار دەیەی رابردوودا سازمان توانیویەتی لە باری سیاسی و نیزامیەوە شکستی بەرچاو بە رژێمی ئاخوندی و هێزە سەرکوتگەرەکانی لە کوردستان بدات.
لە دوای پەیامی کۆمیتە، رێزدار کاک بابەشێخی حوسێنی سکرتێری گشتی سازمانی خەبات چەند وتەیەکی پێشکەش کرد. کاک بابەشێخ لە پەیامەکەی خۆیدا وێرای ئیشارە بۆ مێژوو، هەڵوێستە سیاسیەکانی سازمانی خەبات، فەرمووی: سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە بەشێوەیەکی زۆر سادقانە خەباتی بۆ نەتەوەکەی کردووە و لەو چوارچێوەدا نەیار و دژمنیش ناتوانن پەڵەیەک لەسەر سازمانی خەبات بدۆزنەوە. بەرێزیان باسی لە پێویستی یەکدەنگی و یەکگرتوویی نێوان هێزولایەنەسیاسیەکانی کوردستان و ئێران کردو یەکێتی و یەکگرتوویی بە زەرورتێکی گەورەو هەنگاوێکی بنەرەتی زانی. بە پێچەوانەوە نەبونی یەکدەنگی وهاوکاری لەنێوان هێزولایەنەکان بە ویست و لە چوارچێوەی قازانجی دوژمنان ناوهێنا. سکرتێری گشتی سازمانی خەبات، چوار دەیە دەسەڵاتی رژێمی ئاخوندی بە مەترسیدارترین شێوەی دەسەڵاتداری لە ئێران زانی و، ووتیانحکومەتی ئاخوندەکان دوژمنی هەموو تاکەکانی نیشتەجێ لە ئێران وکوردستانن و تەنیا چارەسەر بۆ رزگاری خەڵک و ووڵات، روخانی یەکجاری حکومەتی دیکتاتۆری و دژی کوردی ئاخوندە ستەمگەرەکانە.
لە دوای وتەکانی بەرێز کاک بابەشێخ، پەیامی هاوبەشی ئافرەتان و لاوانی خەباتی کوردستانی ئێران لەلایەن بەرێز کەژاڵ کاکەیی بەرپرسی رێکخراوی ئافرەتانی خەباتی کوردستانی ئێران لە نۆروێژ خوێندرایەوە.
لە رێورەسمی یادی 39 ساڵەی دامەزرانی سازمانی خەبات لە وەڵاتی نۆروێژ ژمارەیەک لە هێز و لایەنە سیاسیەکان پەیام و بروسکە و چەپکەگوڵیان پێشکەش بە بەرێوەبەرانی رێورەسمی 5ی خەرمانان کرد کە بریتی بوون لە:
سازمانی موجاهیدینی خەلقی ئێران
نوێنەری شورای ملی مقاومەتی ئێران لە وەڵاتانی نۆردیک (پەرویز خەزایی)
پارتی دیموکراتی کوردستان
یەکێتی نیشتمانی کوردستان
حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران
حیزبی دیموکراتی کوردستان
کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
پارتی ئازادی کوردستان
هاوبیرانی دیموکرات
برگەی دووهەمی رێورەسمەکە تایبەت بوو بە ئاهەنگ و هەڵپەرکێی کوردی







بۆ بەدەست هێنانی ئازادی و مافە نەتەوایەتیەکانمان، پێویستە ژن و پیاو یەکسان و هاو هەڵوێست, بەشداری لە خەباتی رەوای رزگاریخوازی دا بکەن.